# کارمای ئیستاتیکی وعیرفانی پۆزەتیف و ژیانەوەی ڕۆح بە نموونەی شیعری مەولەوی

م. ئاڵا دارا عبدالمجید
بەشی زمانی کوردی- زانکۆی کۆیە

**ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە ٢٠٢٤/١٠/١٢ ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە ٢٠٢٥/٠٦/٢٢**

**پوختە :**

لەجیهانی ماندوو و ڕووە و چڵە پۆپەی تەکنەلۆژیا، بوونی مرۆڤیش وەکو بەشێکی کاراو باڵکێشراو بەسەریدا مرۆڤ لە خۆشییەکی چرکەیی و پەشیمانییەکی هەمیشەییە چونکە لە ڕووی دەروونییەوە هانا بردراوەتە بەر بەهێزکەر و دڵخۆشکەرە کاتییەکان. هێز لەمرۆڤدا کز بووە لە ڕووخسار لە بازوو لە کانگەی هەست و دەربڕی ویژدان و سۆزەکانی "دڵ و مێشك "یش. سەردەمانێکە لە ئاستی جۆراوجۆر هەوڵی بەدەست هێنانەوەی هێزوپڕکردنەوەی ئەولاوازیەدراوە. هەبووە لە پەنای فیترەت و هەبووە لە سێبەری بیروباوەڕی داهێنراوو هەشە تەنانەت ڕووی لە شەڕانگێزی کردووە بۆ هێنانە دی ئەو مەبەستە. ئینجا لە ژێر چەندەها زاراوەو بەرنامەو کارکردنی ئاڵۆزو نهێنی و ئاشکرا. ئەو گەڕانە بەدوای هێزی ڕۆحی و ڕاستکردنەوەی مردنی ویژدانی و ئەرێنی هەستپێنەکراوی مرۆڤەکان هەوڵی بۆ دراوە. کارما یان توانا و هێزی ڕۆح کە لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکی ترو لە هەڵگری ئایدیایەکەوە بۆ یەکی تر دەگۆڕێت. لە جیهانی ئەمرۆدا کاری لەسەرکراوە . هەبووە هێزی لە دیمەن، تێڕامان، بوونی خۆشوستراو وەرگرتووە. لێرەدا لەم توێژینەوەیە جیاواز لە ڕووی جیهانبینیشەوە کارما لە بنتی بیری ئەدەبیاتەوە وەردەگرین و وەکو توانابەخشێکی بە هێزی ڕۆحانی دەڕوانینە ئەدەب. ئینجا نەوازەیی و ڕزگاری و باڵایی ئەو هێزە دەدۆزینەوە و دەیدەینە دەست هەرچی لاوازە، هەرچی سەری لە بنیادە بیری و دەروونییەکان دەرنەچووە بیکاتە بەرنامەیەك بۆ گەیاندنی خزمەتەکەی. لێرەوە جوانتر لەوەی ئەدەبمان ناسیوە دەبێت سەرلەنوێ وەکو سەرچاوەیەکی بەدەست هێنانی کارمای پۆزەتیف لێی بڕوانین. لەجۆری ئەدەبیات و ئایدیا و جۆری ئەو کارمایایەی بەدەست دێت. ئەدەبیاتی مەولەوی شاعیریش گەنجینەیەکی هێزی ڕۆحانی ڕاستەقینە و ئاسمانییە کە بتوانین کارمای ئیستاتیکی پۆزەتیفی لێوە بەدەست بهێنین .

کلیلە وشە : ئەدەب ، فەلسەفەی هێزی ڕۆحانی ، شیعر ، مەولەوی .

**پێشەکی :**

ئەم توێژینەوەیە وەکو لە ناونیشانەکەیدا دیارە وروژاندنی بابەتی کارمایە لە ئەدەبیاتدا ، بەڵام چ کارمایەك ؟کارمای پۆزەتیڤ و عیرفانی و دەرخستنی بوونی لە ئەدەبیاتدا بەتایبەتی ئەدەبە بەهێزو خاوەن مۆرکە تایبەتییەکان کە داڕشتنیان بنتی بیری ئیستاتیکی و هێزی ئەدیبێکی عارفانە لە پشتەوەیدا دابێت . هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتکە نەبوونی توێژینەوەی وەهایە لە جەختکردنە سەر گرینگترین بابەتی ژیاندن کە پەیوەستە بە مرۆڤایەتی و ئەدەبیات و جوانبینییەکان لەهەموو بوونێکی

ئەم گەردوونەماندا . ئامانج لە بابەتەکەش سەلماندنی بوونی کارمایە لە ئەدەب دا بەتایبەتی ئەدەبی عارفێکی وەکو مەولەوی کەدواتر ئاستی کارمای پۆزەتیڤی ناو شیعرەکانی دەسەلمێنین . مەودا کەشی دووبەشی سەرەکییە لە تیۆری و پراکتیکی . بەشی یەکەم / تیۆری ناسین و چەکی کارما ، مێژووی دەرکەوتنی، پەیوەندی بە فەلسەفە و زانست و ئەدەبیات و ئایینەوە، پەیوەندی بە تیۆسۆفیا و کارمای پۆزەتیفی ئیستاتیکی وەکو چارەسەرو ڕزگارکەر. بەشی دووەم / کە پراکتیکە نموونەی شیعری مەولەوی شاعیر و لێکدانەوەیەکی بیریارانەو دەرخستنی هێزی کارمای پۆزەتیف و عاریفانە تیایدا. ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە: یەکەمیان : ناساندنی بابەتەکەمە وەکو بابەتێکی نوێ و گرینگ و کارلەسەر نەکراو .دووەم :جیاکردنەوەی سەرچاوەی بەدەستهێنانی کارمایی لە بوون و گەردووندا ئەوەی کە ڕاستەقینەیەو لە خزمەتی مرۆڤایەتییە ،سێیەم:هەرچەندە شیعرەکانی مەولەوی ناوەندێکی ئیستاتیکی کارماییە و لە خوێندنەوەیەکی ئاساییانەدا هەستی پێدەکرێت چ جای لێکدانەوەو خوێندنەوەیەکی یەکی بیرمەندانە و عیرفانییەی کە بەتەواوەتی کارمایەکی ئیستاتیکی ژیان بەخش دەداتە دەست. چوارەم : گەڕانێکی بێ شومارم بووە لە دۆزینەوەی سەرچاوە، ڕاستە سەرچاوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی هەبوونەو سوودم لێیان وەرگرتووە ، بە پێی وەسفی شیکاری ئەنجام دراوە. بەو ئومێدەی مەبەستی خێرمەندانەی ناواخنی پێتەوو دامەزراوی بەرهەمەکانی شاعیرم لە بۆتەیەکی کارمایی پۆزەتیفی عیرفانی دروست وڕاستەقینەدا گەیاندبێت ودەرگای دەرخستنی گەنجینەی ژیانەوەی تاکی کوردوجیهانی پێ واڵاتر بکرێت .

**١. کارما : ١.١. پێناسەوچەمکی کارما :**

ا/ کارما وەکو زاراوە: (یاسای هۆکارو ئەنجامە، یان کردارو پاداشتەکەی.) ( الجهنی،٢٠١٥: ٢٠) ئەو زاراوەیە دوو جەمسەری هەیە وەکو "یاسا و بەهرەیەك لە مرۆڤ، لە ئینسیکلۆپیدیای بەریتانیدا هاتووە کە "کارما " ( لە وشەی سانسکریتی کارمانەوە وەرگیراوە کە بە واتای "کردەوە" دێت، لە سەرەتا لە دەقە کۆنەکاندا (١٠٠٠-٧٠٠ پێش زایین)ی ئایینی ڤێدی، کارما تەنیا ئاماژەی بە ڕێورەسم و کردەی قوربانیدان دەکرد. کارما وەک ڕێورەسمێک بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بەپێی یاسایەکی ڕێورەسمی گەردوونی کاردەکات. ( ئینسکلۆپیدیای بەریتانی،کارما) وشەی کارما بە گشتی ( خاوەن بنەچەیەکی عەجەمییە، بەتایبەتی بیروباوەڕە بوزی و هیندۆسی و سیخی یەکان کە خاوەن مۆرکێکی ڕەوشتی یە لەلایاندا. واتا ئەو کارەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات چ خێر چ شەڕ لە هەر دوو حاڵەت دا بۆی دەگەڕێتەوە ، هەروەك لە ئاینی ئیسامیشدا هاتووە وەکو پەرچەکرداری یەکسان چی بکەیت دەدووریتەوە ، هەروەها دەڵێن کۆدی ئەو بەروبوومە یە کە مرۆڤ دوای چاندنی درەختەکەی بەسەریدا دەکەوێت لە هەندێك ئایندا بەواتای پاداشت و تۆڵە لێ سەندنەوە دێت .)( طه ،الموسوعه : ٢٠١٩ )، لە زانستی نوێدا کارما وەکو بەهرەیەك لە مرۆڤدا سەیردەکرێ، بەکارهێنانی کارما وەکو هێزی ڕۆحانی لەسەر ئەوە دەوەستێتەوە کەمرۆڤ خۆی لە سەرچاوەی سەرەکی کە خوایە وەریدەگرێت و لە شێوەی ڕۆناکی دەیبەخشێتەوە. ئەم دوو لێکدانەوەیە بۆ کارما یەکدەگرنەوە چونکە بوونی هێزە ڕۆحییە پێەوەکە لەلای ئەوکەسانەوە کە پەیوەستن بەنوری خواوە کە خێرمەندییە لەهەمان کاتدا خراپەکاریان کەمتر دەبێت و بەمەش خەرمانەی دەوریان پڕشنگدار دەبێت و پارچەیەك لە خێرمەندی و چاکەو ئاسوودەیی ودڵنەوایی بەخشینیان لێ بەدی دەکرێ .

**ب.چەمکی کارما:**

کارما بەشێوەیەکی زانستی( پاڵنەرێکی عەقڵییە بەرەو ئاراستەی شارەزاییمان دەبات لەجۆرێکی تایبەتیدا. کارما کار نییە بەڵکو پاڵنەرە یان هاندەرە بۆ ئەو کارە خۆی. ئەو پاڵنەرەی وامان لێ دەکات کە هەر شتێ بکەین، بەڵکو هۆکارێکی عەقڵییە. هەمیشە لە پاڵ سێ هۆکارەکەی ترەوە . "نایابی درکپێکردن دەگرێتەوە وەکو "ئامانجێك، مەبەست ، هەڵچوون":سالب وموجەبی باش و خراپی ڕق و خۆشەویستی. پاڵنەرێ کە بەرەو کردارمان دەبات کارمایە.)( بیرزین ،٢٠٠١) ئاشکرایە لەبەرێوەچوون و ژیانکردنماندا ئامرازێکی بەکارهاتوو و نکوڵی لێ نەکراوە کە عەقڵە ، بەڵام چی ئەگەر ئەو عەقڵە مەزنە کارابکرێت و پاڵنەرێکی لەدواوە بێت بۆ بەگەڕخستنەوەو چالاککردنی هەمیشەیی، بێ گومان کە چالاکیش بوو بیری زیاتر، کاری زیاتر، داهێنانی زیاتر بەردەست دەخرێت. بە پێ ی بیروباوەڕەکان کارما ( لە بیرو باوەری هیندۆسییەکان دا: "یاسای پاداشت"ە کە بە ئاگاداربوون پێ ی ئەوە بوونەوەرە پاداشتی دەدرێتەوە، لەسەر کارە باشەکانی و سزا دەدرێت لەسەر کرداری خراپی. ) (ایفانوف ،١٩٩٥: ٧) کەواتە یاداشتنامەی کردارەکانە کە کرداری مرۆڤ باشبوو بۆی دەگەڕێتەوەو پێچەوانەشی ڕاستە. هەر وەك لە ئاینە ئاسمانییەکانیشدا ئاماژە بە بوونی لێپرسینەوە و پاداشت کراوە . هەموو کردەوەکان سەبارەت بە جەورو زۆری بەرز نابێتەوە دووری ئاسمانەکان بەڵکو لە ئاسماندا دەوەستێت تاوەکو زۆردار حەقی خۆی لێدەسەنرێتەوە، نموونەی فەرموودەی ( اتقوا دعوة المظلوم فانها تحمل علی الغمام ،یقول الله :وعزتي وجلالي لانصرنك ولو بعد حين ) "رواه الطبراني". هەر وەکو خاڵی دووەمیش لەکاتی ڕۆح کێشان و بەرزبوونەوەی کتێبی هەمیشەیی سەرشان و کتێبی "علیین"، ( " اکتبوا کتاب عبدي في العليين/":"کتاب مرقوم في لوح محفوظ" ) ." کتێبی بەندەکەم لە باڵاییەکان بنووسن وبیگەڕێننەوە سەرزەوی و لەو دروستمکردون دەیانگەڕێنمەوە وێ دووبارە جارێکی تر دەریان دەهێنمەوە" . دەرکەوتنی هەموو زانستێك دەسپێکێکی نامۆی هەبووە ، وردە وردە هەتا ڕاستییەکانی سەلماوەو بەڵگەو تاقیکردنەوەی زیاتری بەدوادا هاتووە. پاشان درك بەگرینگی و تایبەتی ئەو بابەتە داهێنراوە کراوە. لە ڕەنگدانەوەو سوودی بۆ تاك و سەرجەم کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی . بابەتی (ڕۆح ووزەیەکی گەورەیە هیچ بوونەوەرێك نەگەیشتووەتە نهێنییەکە شاراوەکەی ، بەخەرمانەیەك دەورە دراوە . ) ( الرشدی،٢٠١٠: ٥ ) لەهەمان کاتدا ( وزەی ڕۆحی : هێزێکی شاراوەیە ، لە جەستەدا ، وات لێ دەکات کاری وەها بکەی کە لە عەقڵ دەردەچێت تێ ی بگات ، سەروو یاساکانی سروشتە. بەزیادبوونی باوەڕی و نزیکی لە خودا ڕۆشنترو تیشکدارتر دەبێت ) ( الرشدی،٢٠١٠: ١٥ ) سەبارەت بە خەرمانە ی ڕۆحی/کارمایی : کە واتا ئەو بازنە ڕوناکەی کە دەوری مرۆڤ دەدات ، ئەو بازنە بەپێ ی خێرمەندی و شەڕانگێزی تاکەکانەوە کامڵ دەبێت و دەدرەوشێتەوە یان بە پێچەوانەوە پچڕپچڕ و بێ تروسکە دەبێت ، دیسانەوە لە ئەگەری بەهێزبوونی بەرپرسە لە بوونی بە بەرگری و قەڵغان تاوەکو مرۆڤەکە کارمای نێگەتیف وەرنەگرێت و بەرەو شەڕانگێزی نەچێت . کەواتە کارما ئەو هێزە نایابەیە کە هەموو بوونەوەرێك لەو گەردوونە فراوانەدا کە بوونی هەیە ئەو هێزەی هەیە کە سەرچاوەی سەرەکی خوایە و ئەو پەیوەندییە لەڕێگەی گرتنەبەری خێرمەندی کامڵە وە هێزێکی پۆزەتیڤ دەبێت و کاردانەوەی خێرمەندی و چاکەی لێ دەکەوێتەوە و لەلایەك مرۆڤ بەهێز دەکات بۆ ژیاندن و لەلایەك کاردانەوە/ پەرچە کردارێکی گەڕاوە و لەدەست نەچووە ڕووبەڕووی خاوەنی دەبێتەوە ، جا لەهەموو بوارەکانی ژیاندن لە گوزەران و سەرجەم زانستەکاندا و کاریگەری و کاردانەوەی بەسەر هەموو کایە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆیی و هتد هەیە. بەتایبەتتر لەوانە هەست ، هەستیش تایبەتمەندییەتی ئەدەبە، ئەدەبیش هێزە .هێزە کاتێك ئەدیب ئیلهام وەردەگرێ و دەیبەخشێتەوە کاتێ خوێنەر بابەتی ئەدەبی بە چاوی دڵ دەخوێنێتەوە و دیسانەوە ئیلهامی خێرمەندی لە دڵیدا دەروێت و لە هەڵسوکەوت و مامەڵەو خەرمانەی خێرهێنی دەوری جەستەی دەیبەخشێتەوە و بازنەی خێرمەندی لە یەکتری لانادەن کە یاسایەکی گەردوونییە و کۆی تەلیسم

و ڕۆشناییی و ئومێدە گەشبینە گەشاوەکان لە گەردنی مرۆڤایەتی دەخات، هەتا ئەگەر گۆرانییەکیش بێت هەروەك پەندە چینییەکە دەڵێت :"پێش ئەوەی پێم بڵێ ی کێ یاسا بۆدەوڵەتێك دادەنێت، پێم بڵێ کێ گۆرانییان بۆ دەڵێت"، کەواتە گرینگی وکاریگەری و کاردانەوەی هێزی پۆزەتیف چەکێکی کارایە لە بەرەنگاربوونەوەی هێزی نێگەتیف و شەڕانگێزی بگرە پتەوترین قەڵغانە بۆ بەرگری کردن لە بنیادە شارستانییەتەکان و ڕێکخستنەوەی ئەوەی وێران بووە لە ویژدان و لە ژینگە و لە دەرکەوتە پێشکەوتووخوازە مۆدێرنەکان بە لایەنە مادی و واتاییەکانی" بە تەکنەلۆژیا و دەروون کەیلە ماندووەکانەوە "، چارەسازێك دەبێت و هۆکارێکی وەڵامهێنی پتەو و لەهەمان کاتدا باوەڕپێهێنەر بەبوونی خێرمەندی و سەرلەنوێ کار بۆکردنی. لێرەدا دەگەینە سەرچاوەی ئیلهام لە هەموو کایەکانی ژیانکردندا لە بنتی خێرمەندییەوە وەریدەگرین و یا لە قوڵاییەکی تاریکستان و شەڕانگێزییەکی قێزەون و ماوەبەسەر چوو و پێزانراو و کۆدە ئاشکراکراوەکان کە مرۆڤیان وابەستەی نەهامەتی و لێڵی و بیری تەنگەژاوی کردووە. ئیلهامی ڕەسەن ئەدەبیاتی ڕەسەن دەهێنێت کە بەرگی ئیستاتیکی و ژیانەوەی بخوێنرێتەوە چونکە ئەمەیە لەگەڵ فیترەتی سەرجەم مرۆڤایەتی دەگونجێ، ئەدەب دەکاتەوە ئاوێنە ی ئاوەدانی ڕۆحە پاك و ئەویندارە بلیمەتەکان .

**٢.١. مێژووی کارما / لە زانست و ئاییندا :**

بەپێ ی سەردەمە مێژووییەکان زۆر بابەت دەرکەوتوون و بەردەوام بوون وگەشەیان کردووە جا خێرمەندی بووبن یان شەڕانگێزی، زۆرانی تریش لەسەرەتای دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەیانەوە مۆرکی تری بەبەرداکراوە یان هەر خۆی تیاچووەو( دوو هۆکار ڕێڕەوی مێژووی مرۆڤایەتی لەم سەردەمەدا دیاریکرد :یەکیان پەرەسەندنە لەبواری زانستی سروشتی و تەکنەلۆژیا، دووەم زریانە ئایدۆلۆژییە گەورەکانە کە بە ڕاستی ژیانی ڕەگەزی مرۆڤی بەتەواوەتی گۆڕی . لەگەڵ ئەوەی کە ئەو دوو دیاردەیە گرینگترین تایبەتمەندی سەردەمن، کە پێویستیان بە ڕوونکردنەو شیکاری کردن هەیە. بەڵام واباشە کە درك بەوە بکەین کە ئەو بزووتنەوە گەورانە بە کۆمەڵێك بیر دەستیان پێکردووە کە لە هزری خەڵك دروستبوون: ئەو بیرانەی کە دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکن، چۆن بووەو ئێستا چی لێ هاتووە وڕەنگە چۆن ببێت. یان چۆن دەبێت هەبێت، ودرك بەوەبکەین کە چۆن بیگۆڕین ، بە بیانووی بوونی دیدێك کە ئامانجێکی باڵاترلە هزری سەرکردەکاندا.) ( برلین ، ٢٠١٦: ٧) کارماش یەك لەو بابەتانەیە کە خۆی بوونی هەبووە بەڵام وەکو بیرۆکەو دواتر بەرنامە ڕێژکردنی بە پێ ی ئایدیای پێشەوایان ئاڕاستەکراوە . لە ناوچەیەك بۆیەکی ترو لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی ترو سەرلەنوێ ناونراوەتەوەو کاری لەسەرکراوە و بنچینەسەرەکیەکەیشی گۆڕدراوە و لەگەڵ ویستی کۆمەڵە و دەستەو دامەزراوەکان ڕێکخراوە.

**ا/ بنچینەی زانستی کارما:**

-بابەتی کارما کە بابەتێکی "کۆن نوێ" یە ، واتا کۆنە بەوپێیەی لە سەردەمانێکی زووەوە هەبووە/کە دواتر دەیسەلمێنین / کاریگەری لەسەر بەرەو پێشچوون وپێچەوانەکەیشی دواکەوتن و دژەکان لە خۆشبەختی و بەدحاڵی کەس و کۆمەڵەکان هەبووە. بەو پێ یە کەسەکان خەرمانە واتا بازنەیەکیان لەدەوردایە کە زیاتر پەیوەستە بەزانستی فیزیك و چاکی مرۆڤەکان تریفەکەیان پڕو درەوشاوەو مەحکەم دەکات بەپێچەوانەشەوە شەڕانگێزییەکانیان تریفەکانیان لاوازدەکات و پچڕپچڕو بێ هێز دەبن و ئەوەندەو زیاتری شەڕ دەتوانێت ڕوویان تێ بکا . ئینجا ئەو تریفە کارمایەکی ڕۆحانی بەهێز دەبەخشێت، بە خاوەنەکەی و کەسانی نزیك و سروشت و گەردوون . جگە لەجەستەی لە ڕێگەی دەربڕینی بیرەکانەوە. ئەم زانستە بەرگێکی مۆدێرنی پێ بەخشراوە. لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژە بۆ ئەم دووجۆر خەرمانە کراوە : "عليهم دائرة السوء " و"يسعى نورهم بين ايديهم " .سەرەتای دەرکەوتنی کارما و خەرمانە و تواناو هێزیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی ( بیرمەندە سروشتییەکان یەکەی نوێ یان دۆزییەوە ، بچووکتر لە و گەردیلانە ناویان لێ نان ئەلکترۆنیات و پرۆتۆنات "کە خۆشیان پێکهاتەیان گەردیلەی بچووکن ، کە لەناو ناچن بە پێ ی کات . ئەوانە دەکرێت لە خولگەکانیان پێکبگەن ، و بتەقن بەڵام لەم کاتەدا لەمەدا ماددەیەکی نوێ دروست نابێت بەڵکو شەپۆل لە ووزە دروست دەبێت، لە گەردوون دا بەخێرایی ڕۆناکی بڵاودەبنەوە. بەمەش ووزە شوێنی مادە ی گرتەوە بەهۆی ئەوەی بنچینەیەکی جێگیری هەیە .)( الطائي ، ٢٠٠٧ :٦) دوای دۆزینەوەی ئەو توانایە لەو خولگانە و بوونی شێوە خڕی خەرمانەش هاوشێوەی ئەو بیرانەن کاتێ ( ئەفلاتوون لە ڕاستکردنەوەی بیری بیرمەندەکانی پێش خۆیدا باس لە بوونی جۆرە هاوڕێ یەتییەك دەکات لە نێوان پێکهاتەکان کە ئاگرو خۆڵ، ئاووهەوا لەنێوانیانە. ئەو جیهانەش شێوەی خڕەو بۆخۆی کاروباری خۆی بەسیەتی، بۆ ئەوەی لە خودی خۆیدا هەموو شێوەکان وەربگرێت، دووچەقی هەتا تیرەی تادەگاتە ڕووەکی هەمووی یەکسانن لە هەموو ئاڕاستەکانەوە.) (الطائي ، ٢٠٠٧ :٨ ) کەواتە لێرەدا مرۆڤ چەقە و خەرمانەی دەوری هەروەك زەوی بەسەر هەموو ئاڕاستەکانیدا یەکسانە. بە پێ ی بیردۆزی ئایدیالیەتیش دەزانین کە ( هەموو بوونەکان ئاسەواری بوونە کانی جیهانی باڵان.) (الطائي ، ٢٠٠٧ :٩) هاوشێوەی خەرمانەی کارماییش لە جیهانی باڵا ڕۆناکی دەوری بوونەکان دەدەن جا تا ئەستێرەکانی گەردوون کە ڕۆناکە وەردەگرن و دەدەنەوە یا بوونە فریشتەییەکان کە خۆیان نوورانین و کەواتە خەرمانەی ڕاستەقینە لە جیهانی باڵا دایە و ئەو خەرمانە کارماییەی ئێستا نموونەی ئەوە لە مرۆڤەکاندا بوونی هەیە. (دیسانەوە بابەتێکی تر هاتە پێش ئەویش " مادەی تاریك و ووزەی تاریك "بوو، مادە ی کۆمپاکت بوو، بەڵام لە ڕووی گەردوونییە وە وەها باسدەکرێت کە مادە یان هێزێکی گەردوونی مەنگە، دەوری داوین لەهەموو شوێنێکی ئەو گەردوونە " زانراو وونە "دا .پێ ی دەڵێن "سوپەر نۆڤا"واتا ئەو هێزەی بە پێچەوانەوە ی یاسای ڕاکێشانە کە ڕاهاتووین لە سەری ،واتا خولگەکان لێکتر دووردەخاتەوە نەك بۆ یەکتر ڕایانبکێشێت

وەکو هەسارە بۆ ئەستێرەکان و مانگ بۆ هەسارەکان.) ( الهوساوی، نیت:٣ ) کەواتە وەکو ئاماژەمان پێ دا جیهانی زەمینی ئێمە بە پلە یەك و جیهانی گەردوونی دەوری ئەستێرەو ڕۆناکییەکانی دەوریان بە پلە دوو و کە بەشێکی زۆری سەرئامەدانی زانستی کارما لە جیهانی ئەمڕۆدا پێ یان وایە کە گەردوون چەقە واتا سەرچاوەیە هەتا هەندێکیان بەو وتنەیان مەبەستیان لەوەیە خوا بێت و لەوەش زیاتر دادەبەزنەوە سەر زەوی پێ یان وایە سەرچاوەی سەرەکی هێزی شەڕ شەیتان یان دوور تر دەڕۆن کە خۆیان بەسەرچاوەی یەکەمین دادەنێن و دەڵێن خۆمان خواین. لێرەدا وەك ئاماژەمان بۆکرد بەپێی سوپەر نۆڤا هێزێکی تری ڕاکێشکردن هەیە جگە لە دەوری خولگەی ئەستێرەکان / کەواتە هێزێکی تر ی باڵاتر لەگەردوون هەیە کە خوای تاقانەیە .

**ب/ بنچینەی ئاینی کارما :**

لە هەموو ئاینە ئاسمانییەکاندا لەگەڵ دابەزینی ئادەم "سڵاوی خوای لەسەر " لەلایەك یاسای بەڕێوەبردنی مرۆڤ هەبووە ولەلایەکیش خێرمەندییەتی مرۆڤ بە بابەتێکی باڵا دانراوەو هەمیشە خێرمەندەکان پێشەنگییەتی چاکخوازی و ڕێنیشاندەریان بەو چاکەخوازی و چاکسازییە کردووە . بێ گومان لەبەرنامەی باوکی مرۆڤایەتی چاکەو خراپە جیاکراوەتەوە پاداشت و سزا هەبووە . دوابەدوای ئەو و سەرجەم پەیامبەرو نێردراوەکانیش ئاماژەو جەختی هەمیشەییان لەسەر ئەوە بووە. ئاین بەرنامەو حوکم و ڕێکخەری ژیانیان بووە پێغەمبەرەکانیش سەرداری شوێنکەوتەو باوەڕدارەکانیان بوون. ئەو نێردراوو پەیامبەرانەش هەموویان کارمای خێرمەندی تایبەت بەخۆیان هەبووە بەهۆی ئەو پەیامەی پێیاندراوە . خاوەن کارمای پۆزەتیف و کاریگەر بوونە . ئاین وەکو زاراوەش (وشەی ئینگلیزی Religion کە ئاماژە بۆ ئاین دەکات ، ئەگەرێکی زۆر هەیە کە بگەڕێتەوە بۆ ( وشەی لاتینی religare ، کە واتای بەستن یان گرێبەست دەدات ، ئەو ڕێ و ڕەسمانە ی کە پێشینەکانمان دایانناوە دەستیان گرتووە بەسەر کیمیایی مێشك داگرتووە بەشێوەیەکی تاك و ناوازە لە مرۆڤ دا. توانیویەتی خەڵك کۆبکاتەوەو بەیەکەوە بیانبەستێتەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاسان بکات.) ( طومسون، ٢٠١١: ٧٦) کەواتە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕێخستنی دەوێت و پراکتیك کردنی یاسای پێویستە. (بەهۆی باوەڕی ئاینیەوە مرۆڤ ڕادەی زیاتر لە هەرە باشترین هۆڕمۆنەکان دەردەدات، کە کاریان دڵخۆشی و هاندان و کارکردن وبەردەوامییەتی ژیانە. ) ( طومسون،٢٠١١: ٧٢-٧٣). هەمیشە دروشمی هەموو ئاینەکانیش خێرمەندی بووە ( خێرمەندی خۆی مەعریفە یە، مەعریفە خۆی هۆکاری پاکییەتی ڕۆحی و ڕەوشتی و سیاسی بووە. ) ( برلین ، ٢٠١٦: ٤٢) .

**٣.١. سەرچاوەی بنچینەیی کارما :**

سەبارەت بە زانستی کارما ئەو پرسیارە دەکرێت کە ( ئایا وزەیەکی فسیۆلۆجییە یا کارۆموگنەکارییە یا بەهرەیەکی خواییە ؟ ) ( رشدی ،٢٠١٢: ١٥ ) دەتوانین لێرەدا بڵێین بەهرەیەکی خواییە .ڕاستە لە جەستەو پەیوەستە بە بوونی ئەوەی کە بوونەوەرە، ئینجا لەمێژووی دەرکەوتنی باسی خولگەو بوونی شێوەی ئەندازەیی و دیسانەوە هێزی کێشکراوی جیا لە ناوەندی گەردوونی بینراو و پێشبینیکراو، دیسانەوە لەڕووی فسیۆلۆجیشەوە جەستەی مرۆڤانی پاك و پەیوەست بە فیترەت جیاوازتر لەوانی تر کارمای پۆزەتیفی لێوە دەبەخشرێت. بەڵام بۆ تێگەیشتن لەو زانستە و تێکەڵ نەکردنی بە جادوو و بابەتی پڕوپووچ کە زۆر دوورن لێ یەوە. کارما کەخێرمەندی و ئارامی دەهێنێت دەشزانین خێرمەندی لە خواوەیە و خوا خێرو بینینی پاکیەتی لە بەندەکانی دەوێت کەواتە کارما بەهرەیەو خوا دەیبەخشێت. مەبەست لێرە خوای ئەزەلییە" الله "یە نەك ئەوەی کە ( بە تاریکیش دەڵێن خوا یان هێزی شەڕ یان بەمرۆڤ دەڵێن خوای بچووك ،یان بوونی خوا لە ناو خود. یان منی خوا ). کە سەرەتاو دوائەنجامیان هەر خۆیان دەڵێن ڕوومان لە هێزی شەڕو شەڕانگێزی یە ، ئەو هێزە کارمان بۆدەکات .خۆی کارکردنی هێزی شەڕ بوونی هەیە" بەتایبەتی ئەوانەی کە ڕێگە دەدەن و بەسەرخۆیان دا زاڵی دەکەن " بەڵام تاڕادەیەکە کە بۆ هەنگاوی دواتری شەڕانگێزی و تاریکی و لەناوبرد دەبردرێت. ( زاناکان گەیشتن بە چوار زانست کە بەدوای وزەی ڕۆحی دا دەگەڕێت ناویان نا باراسایکۆلۆجی واتا زانستی دەروونی دەرەکی، دواتر پێ یان وابوو ئەو ناوە پڕبە پێستی ئەو زانستە نییە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەناوێك بۆ ئەو زانستە دەگەڕێن. ئەو زانستانەی کە لێکۆڵینەوە لە وزەی ڕۆح دەکات ئەمانەن :١. خەوبینین "روئیة" دیدگا.٢.التخاطر / تەلەپاتی.٣.الاستبصار ، "ڕۆناکی بینینی نورانی".٤. هەستی مووگنەکاری .٥.نواندنی موگنەکاری. ) ( الرشدی ،٢٠١٠ ١٥-١٧ ) . بەهەمان شێوەی بابەتەکانی تر وەکو خەوبینین یان تەشەهود : مەبەست لێرە ئەوکەسەی کارمای هەیە واتا ووزە و هێزی ڕۆحی لە باڵابوونە ئەوجۆرەی خەون دەبینێت بە شێوەیەکی کارەکی واتا خەونی سروش کە بەشێکە لە چل وشەش بەشی پێغەمبەرایەتی وەکو پێغەمبەر "د.خ."ئاماژەی پێ کردووە واتا نەك خەوی نواندن و ڕۆیشتنی ڕۆح و هتد. بە شێوەیەکی سادەتر باسی بکەین لەوانەیە کەسێکی ئاسایی ئەو جۆرە خەونانە ببینێ و بێەدی لەداهاتوودا "هەرچەندە گومان لەوەدانییە کە لەوەدەچێت ڕۆحی پاك بێت. ئینجا سەبارەت بە تەشەهود هەروەك لەزانستی عیرفان کە ئەو بینینانە لە خێرمەندی و پاکی ڕۆح و پەرستنی دوورلە شەڕانگێزییەوە بوونیان هەیە بەکورتی ئەوەی کە پێ ی دەڵێین "کەرامات "بەڵام بە دەگمەن . کە خۆی وا ڕاستترە کە هەر نابێ باسبکرێت چ جای دارایی و ناوبانگی پێ پەیدابکرێت. لێرەدا ئەو "ئیستبصار"ە ئەوە نییە کە کە مەسەلە جادووگەرییەکان لێ یەوە دەست پێ دەکەن، بەڵکو بەرچاو ڕۆشنییە ولە خواوەیە. ( ئەڕستۆ ناوی لە ووزە ناوە میتافیزیك"Metefisica "چونکە ڕۆح لە ئاسۆو لوتکەی سەروو لەشەققەی باڵدەدات. هەموو بەربەستە سروشتییە ناسراوەکان و هەستپێکراوەکان دەبەزێنێت بەڵام لەسەدەی بیستەمدا کەسەدەیەکی مادی بوو جەختی لەسەر زانستە مادییەکان دەکرد، و زانستە نامادییەکان ناونران زانستە

مرۆڤایەتییەکان. زانستی ووزەی ڕۆح یش کەوتە دەستی جادووگەرو فێڵباز " جەگلەر" مکان تێکەڵیانکرد لەنێوان هەستی ناڕاستی خۆیان لەپێناوی ناوبانگی و پارە پەیداکردنەوە بۆیە ڕێژەی ڕاستی بۆ ناڕاستییان گەیشتە %١-٥ و واتا %٩٩-٩٥ ناڕاستی .زاراوەی میتافیزیقا بووە هاوواتا ی خورافە.وکاتێ عیلمانیەتی مادی گەشەی کرد ، ئایینیان بە میتافیزیقا واتا جۆرێك لە خورافە دانا .) ( الرشدی،٢٠١٠ :١٧-١٨) بۆ گرتنەبەری ئاراستەی خێرمەندی بۆ بەدەستهێنانی کارما : ( لەقورئانی پیرۆزداهاتووە کە "خلقنا الانسان من طين "مرۆڤمان لە قوورڕدروستکرد/ قور ماددەیە "/ و "وخلقنا الجان من مارد من نار" ئاگر ووزەیەو"خلقنا الملائکە من نور" ڕۆناکی نور ووزەیە )( رشدی،٢٠١٠: ١٩) لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش ئایا کارما ڕاستە خۆی واتا هێزو ووزەی ڕۆحی یە .. بەڵام لە دەروون ؟"نفس" ە یارۆحە؟ چونکە دەروون و ڕۆح زۆر جیاوازن. (مەسەلەی ڕۆح بۆ خوا دەگەڕێتەوە بەزیندوویی بین یا مردوویی. بەڵام نەفس بۆمرۆڤ و هەتا لەقورئانی پیرۆزدا سەرکۆنەکراوە بە زۆرداری کرد و بەدکاری ) (محمود ،یوتیوب) کارما وەکو وشەنا بەڵام وەکو بابەت بە ئاشکرا لە ئاینە ئاسمانییەکاندا ئاماژەی بۆکراوە. بەڵام بایەخ پێ نەدان و بەهەند وەرنەگرتنی ،وەکو سەرەتا ئاماژەم بۆکرد، هەندێ جار بابەتی زانستی ووردبین بەرپەرچ دراوەتەوە و سەرەتا بایەخی پێ نەدراوە چ جای بابەتێکی مرۆیی و ڕۆحی نزیك لەخەیاڵ بەتایبەت لای کەسانێك کە تەنها بڕوایان بەبوونی ماددەی بەرجەستە هەیەو دان بە میتافیزیقیا نانێن لەلایەك ،لەلایەکی ترەوە کە ئەو زانستە کەسانی ناشارەزا وەکو پیشەی خۆیان دەیناسێنن. لە ژێر باڵی ئەو و شاباڵی بابەتی ڕۆح دا هەزاران مەینەت بۆ تاك و کۆمەڵگە دەنێنەوە، بۆیە ئەو زانستانەش پێویستییان بە لێکۆڵینەوەو سەلماندن و بەکارهێنانی دروست هەیە. چونکە ڕەسەنیەتی کارپێکردنی ئەوبابەتە بەشێوەیەکی خێرمەندی کاردانەوەی پۆزەتیفی لەسەر تاك دەبێت کەواتە کاردانەوەی لەسەر هەموو مرۆڤایەتی دەبێت .

### ٤.١. جۆرەکانی کارما/" پۆزەتیڤ، نێگەتیف":

بەپێ ی ئایدیا جیاوازەکان وەکو زاراوەیەك و دواتردەرکەوتنی وەکو بابەتی ڕۆحانی و زانستی دابەشکاری زۆری لە ڕووی دیاریکردنی جۆرەکانییەوە بۆکراوە. لێرەدا دوو جۆری سەرەکی دیاریدەکەین و زانستیانە ڕوونیان دەکەینەوە:

١.کارمای پۆزەتیڤ : سێ جۆر کارما جیاکراوەتەوە : (کارمای تاکایەتی، کارما ی کۆمەڵایەتی ، کارمای نەتەوەیی. ) (الحوشاني،٢٠٢٠ :٢٤٨) لەلایەکی تر ( جۆرەکانی : کارمای جەستە ، بریکاری جێبەجێکراو . کارمای دەروون ،کارتێکراو و کاریگەر_کارمای ڕاستەوخۆ .کارمای عەقڵ ، سەرکردەی ڕێکخەر . کارمای ڕۆح ، کارمای قووڵ. کارمای گەردوون ، سەرچاوەی کارما .)( رشدی ،٢٠١٠: ٤-٥ ). دەرخراوە..

٢.کارمای نێگەتیف: پەیوەندی کارما بە دووبارە لە دایك بوونەوە: دوو جۆر لەکارما دەخەینەڕوو:

(یەکەم :کارمای هاوێژی : ئەو جۆرە پاڵنەرێکە کە هەڵماندەداتە ژیانی داهاتوو، بەجۆرێك کە کاریگەرییە کارماییەکانی دەتوانێت هەڵمان داتە ژیانی داهاتوو.بەمەش دەتوانێ شێوەی ئەو لەدایك بوونە نوێ یەمان دیاری بکات.

دووەم / کارمای تەواوکەری: ئەوکاتە بوونی دەبێت کە نییەت /مەبەست یان ئەو پاڵنەر یا هەڵچوونانەی بەدوایانداديێت، بەهێزنین. ئەو بارودۆخە ی کە کاری لەدایك بوونی نوێ تەواودەکات هۆکاردەبێ بۆ حاڵەتێکی دیاریکراو لە لەدایك بوونە نوێ یەکەدا. بۆ نموونە چ ئەگەر ئێمە سەگێکی بەرەڵڵامان لە جادەیەکی هندستان خوارد یاخود سەگێکی "بودل"بووین لە ماڵی یەکێ لە دەوڵەمەندەکانی ڕۆژئاوا .) ( بیرزین ، ٢٠٠١ ) کارمایەکی پۆزەتیڤ و ژیاندنەوەو ئارامی لەمەدا بەدیناکرێ چونکە لەو گۆڕان و تێکەڵییەدا مرۆڤ هەست بە تایبەتییەتی و پاکی ڕۆحی خۆی ناکات کە کەسی تر دیسانەوە ببێتەوە خاوەنی ئەو ڕۆحە، ئەوەنا بڵێ ی دروستکەری خۆی کە خوایە و هەر بە ناوی ڕۆحی ئەو کەسە بیباتەوە جیهانی ڕۆح یان لەلایەکی تر چ مانایەك بۆ پیرۆزییەتی ڕۆح لای مرۆڤ دەمێنێت کە مرۆڤ بزانێ ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕۆحی دەکرێتە بەر سەگێکی هار؟ "وەك لە محازەرەکەی"بیرزین" داهاتووە لە عەقیدەی ڕۆحانی ئێمەدا ڕۆح کە دەخرێتە دۆزەخیشەوە هەندێ جار ئومێدێکی دەبێت کە بە کێشی گوناحەکانی ئازاردەخوا و پاکدەبێتەوەو دواتر بۆ بەهەشت دەڕوات، (مرۆڤ تا زیاتر لەسەر کارەکانی خۆی بەردەوام بێت ژیان بۆ ماوەیەکی دووورودرێژتر تر لەسەری دەسەپێنرێت تاوەکو بەشێك لەکارمای تاکییەتی کەڵەکەوەبوو بە جێ بگەیەنێ، درێژی تەمەن هەمووکات بەخششێکی خوایی نییە، بەڵکو بارگرانییەکە لەسەر ڕۆح. هەرچەندە کارمای تاکیەتی ڕاست و ڕەوا بێ ماوەی ژیانی سەر زەوی کەمدەبێتەوە ) وەڵامی ئەو یاسا نێگەتیڤە بۆ ئەوانە چییە ؟ کە ئەو هەموو نەتەوە ڕۆحیان بۆجەستەی کێ دەچێت لەکامە دارستان و دڕندە بەو ژمارە خەیاڵییە شوێنیان دەبێتەوە ؟هەر سەبارەت بە دووبارە لەدایك بوونەوە :( تناسخ : دووبارە لەدایکبوونەوە چوار وێنە یا شێوەی هەیە بەپێ ی کردارەکانی مرۆڤ،کە ئەمانەن:

١."النسخ" /کۆپی ڕۆح: ئەویش گوێزانەوەی ڕۆحە لە جەستەی ئادەمییەکەوە بۆ ئادەمییەکی تر.

٢."المسخ"/ گوێزانەوەی ڕۆح لە /جەستەی ئادەمی بۆجەستەی گیانلەبەران.

٣.هەڵوەشانەوە: دەرچوونی ڕۆحە لە لەشی ئادەمی بۆجەستەی زیندەوەرێك لە زیندەوەرەکانی زەوی وەمێرولەکانییان.

٤."الرسخ" : گوێزانەوەی ڕۆحە لە لەشی ئادەمیەوە بۆ درەخت و ڕووەك و بێ گیان .ئەو نەفرەت لێکراوانەی سەرپێچیانیان کردووە دەبنە هوام و"مەسخی هوام" مارودوپشك وبەرازو ئەوانەی خێریان تێدانییە و ئەوانەشی کەبڕوایان بەوان هێناوە دەبن بە ئەستێرەویان ڕۆحیان دەگوێزرێتەوە بۆ ڕۆناکی ئەبەدی.) (الحوشانی : ٢٠٢٠ : ٢٤٩) قورسترین بەرنامەی ژیانە چونکە مرۆڤ بۆ نموونە مسوڵمان ئومێدێکی بە چوونە بەهەشت هەیە یان ئەوەتە دەچێتە دۆزەخ یان هەندێك ئازارپاکی دەکەنەوە، بەڵام بەو جۆرە بژی بڕوات وابێت ڕۆحت بەبەر دڕندەیەك دا دەکرێتەوە؟! دواتر ئەوپرسیارە دێتە پێش کامە مرۆڤە بێ خەتایەکی کامڵ دەژیت؟ دواتر مرۆڤ چۆن هیوای بە لێ خۆشبوون نابێت بەتایبەتی ئەو کاتانەی تاك یان کۆمەڵ یان نەتەوە لە دەست زۆرو زاڵی دەچەوسێنرێنەوە و هیچ دەستێك و تاوانی خۆیانی تێدا نییە، ئایا پێغەمبەران و نێردراوان و دانایان و بیرمەند و هونەرمەندان چی؟ هەموویان ڕۆحی خێرمەندییان هەبووە! کە لە ناخۆشی دا بوونە یا هەڵەیەکیان کردووە "ڕاستەپێغەمبەران موعتەسیمن " ئەمە بابەتێکی ترە. ئەو تاکانەی گەورەترین خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە هەندێ جارحاڵەتی دەروونی شەرم وترس و فۆبیایان هەتا لە تێکەڵی کۆمەڵەکە هەبووە کە پەیامبەرێتییەکەیان تیادا کردووە.

**٦.١. پەیوەندی کارما بە تیۆسۆفیا:**

" ، Thyosophy:" "Sophia /Thyos" : دوو وشەی یۆنانین ، ( تیوصوفیا

واتا دانایی یان مەعریفە ،واتا خواوەند یا کاروبارێکی پیرۆز /ئاسمانی لەسیاقی تیۆسۆفی کە خواوەند بوونێکی ڕەهای هەیە ،لە بوونەوەرە جۆراوجۆرەکان تەجەللا دەکات و دەردەکەوێت بە لەبەرچاوگرتنی بیروباوەڕی "وحدە الوجود" یەکێتی بوون ."هێلنا بلاڤاتسکی " کە نوێکەرەوەی ئەو تیۆرەیە سۆفیا .لە ئەدەبیاتی تیۆسۆفیدا بە Divinity wisdom حیکمەتی ئیلاهیە.

.(عنتابی .٢٠١٥، :٢٤ -٢٥)

کارابوونەوەو کارپێکردنی ئەو زانستە لەسەردەمی جیهانبینی ئەمڕۆماندا : زاراوەکە لە ئەدەبیاتی تیۆسۆفیدا بە چەند جۆرێك لەزاراوە خۆی دەبینێتەوە کە مۆرکێکی فەلسەفی و ئاینی بەدەستەوەدەدەن. لایەنەڕۆحییەکان دەردەخات تا ئێرە ئەوانە جۆرێك لە فەلسەفەو قووڵبوونەوەیەکی نائاسایی بەرامبەر فەلسەفەی ئاین و دانایی دێتە هزرمان بەڵام تائەو پێناسەیە. چونکە ناساندنی تری هەیە بیروباوەڕی نهێنی واتا جادوو، کەواتە لەگەڵ ئیستاتیکیەت و پۆزەتیڤیەتی ئەو زاراوەیە دەبێ وردبینەوە لەوەی کە ئایا ئەو کەسانەی پسپۆڕی ئەو کار دەکەنە پیشەی خۆیان لە نەخوێندەوارێکی هیندییەوە لە پەرستگا تاریکەکانەوە بگرە تا دەگاتە لوتکەی خاوەن بڕوانامە مرۆییەکان گرەنتی ئەوەیان لێ دەکرێ کە لە خێرمەندی کارەکانیان ئەنجام دەدەن؟ بگرە ئێستا هەتا لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستی خۆشمان کەسانێ کە کاریان لەسەر ئەم بابەتانەکردووەو بە نێگەتیڤ بەکاریان هێناوەو پسپۆڕیان تێداوەرگرتووە و سەنتەرو دامەزراوەیان داناوە زۆرجار ڕووبەڕوو یا لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە بە ٥٠٠$ دانیشتن بۆ تاکەکان دەکەن و زۆرجار بۆقازانج لە هۆڵێکی گەورەیان دەکەن کە دواتر لەو دانیشتنە تەواو دەبن هەر بارودۆخەکەی جارانیان هەیە. لەگەڵ ڕێز بۆهەموو زانستێك بەڵام هەبووە چابوونە، هەشبووە بەرەو خراپتر ڕۆیشتوونە وەکو خۆیان بە واقعی لە کۆمێنتەکان دەنووسنەوە بۆ پسپۆڕەکان، بەم شێوەیە ناکرێت ئەم زانستە پەردەپۆشبکرێ لەلایەن ئادەمیزادەوە بەناوی چاکخوازییەوە. (مرۆڤ وێنەیەکی بچووکراوەی گەردوونی فراوانە ناوەوەی مرۆڤ کە ڕژانە لە سەرچاوەی یەکەم /واتا خوا ، واتا کەی مرۆڤ دۆزییەوە ئەوا هێزی خوایی و مەعاریفی ڕەهای لەهەمووشتێك دا بۆ دێتە دی بە یاسا گەردوونیەکانیشەوە لەوانە :هۆکارو ئەنجام :کارما و"تناسخ" و پەرەسەندن ) عنتابی، ٢٠١٥: ٧٢) و .

( مرۆڤ لەلای ئەوانە لە بنچینەدا مرۆڤ نییە بەڵکو وێنەیەکە لە جەوهەری پیرۆز. و سیفەتەکانی هەڵدەگرێت، بڵاوکردنەوە و جەختکردنەوە لە سەر ئەو فەلسەفەیە لە جیهاندا لە ڕێگەی پراکتیککردنی بیری پیۆسۆفی و خولەکانییەتی کە بزووتنەوەی سەردەمی مۆدێرن بەرهەمی هێناوە جەماوەری بۆ پەیدا کردووە، لە ژێر زۆر ناوی جیاوازدا لە ژێر چەتری پەرەپێدانی مرۆیی ، پەرەپێدانی مرۆڤ تاوەکو ببێتە خواوەند بەڕای ئەوان کاتێك هێزە شاراوە کانەکانی دەردەخات.) ( عنتابی / 2015: 183) ( هەمان ئەوە لە لای پێشەنگەکانیان دەردەکەوێت .نموونەی "وین دایەر " کە بە باوکێکی ڕۆحی ئەوانە دەژمێردرا " دەیوت "من خوام " ، "" ئافرەتێکە70 کتێبی لەبارەی ئەو زانستانەوە هەیە . لە ڤیدیۆیەکیدا "Dorren Virtue "


دەڵێت : "وین دایەر"ڕاهێنانی پێکردووین لە "سان دیگۆ "وتویەتی دەست بخەنە سەر ناوچاوانتان بڵێن "ئوم"واتا دەنگی گەردوون . منیش وامکرد ، لەڕێگای گەڕانەوەم هەستم کرد چاوی سێیەمم کراوەتەوە و کەوتوومەتە حاڵەتی "استبصار" لە کاتی شۆفێری کردندا شتی نا ئاساییم دیت. لەمەوە پەشیمان بوومەوەو داوا لە هەموو فێرخوازەکانم و هەموو کەسێك دەکەم کە نەکەونە هەڵەوە لە ڕێگەی زانیارییە بڵاوکراوەکانم کە کتێبەکانم بۆ ٣٨ زمان وەرگێردراون . چونکە ئەوشتانەی بینیم و ڕوویاندا لای خوای ڕاستەقینەوە نەبوون، کە چارەسەر تەنها لە ملکەچیەتییە بۆ ئەو. من دەمویست ببمە خوا و لە ژێر دروشمی هەموو ڕێگاکان بەرەو خوا دەچن، من ئێستا شەرم لە خۆم وکارەکانم دەکەم.) (عبدالحلیم ،یوتوب ) ئەوانە لە ژێر بزووتنەوەی سەردەمی نوێدان لە بابەتەکانی "ڕیکی و یۆگاو هتد. کتێبێکی نوێ ی نووسی بە ناوی "کەس چیتر هەڵم ناخەڵەتێنێ" . ئەم کۆمەڵگەیەو بیروباوەڕەکانی کە "بلافتسکی" دایمەزراند کەخۆی بە هۆی گەڕانەکانی لە هیند تامیسر پەیوەندی بە پێشەوا ئاینی و پەرستگاکان و جادوو و بابەتی "تواصل الارواح"هەبووە بەڵام هیچ باسێکی سۆفیگەروعاریفە

مسوڵمانەکانی نەکردووە کە چەند سەدەیەو چەندێتی خەڵکانی جیهان پێکهێناوەو بابەتی سۆفیگەریەتی و عیرفانییەت و ڕۆحانییەت هەر هەبووە بە تایبەتی لە کوردستانیش و عەلامەی گەورەی ڕۆحانی و عیرفانی تیایدا دەرکەوتووە، هۆکار ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەك بە جادووی شاراوەو و بەرنامە ڕێژییەکانی ئەهریمەن نابەسترێتەوە

### ١.٧.کارما لە نێوان زانستەکان و فەلسەفەی ئەدەبدا:

فەلسەفە کەخۆی دایکی زانستەکانەو ئامانجی سەرەکی و گشتگیری گەڕانە بەدوای ڕاستی ڕاستەقینە،و ( بنەما ی هاوبەش لە نێوان هەموو بیروڕاو بزووتنەوەکاندا تیۆری بوونی ڕاستییە گشتییەکانە، کە بۆ هەموو مرۆڤێك دەگونجێت، لە هەموو کات و شوێنێکدا .) ( برلین ، ٢٠١٦: ٤٣ ) هەر بزووتنەوەیەکیش بیرێکی تا ڕادەیە تایبەتی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا (لە نێو هەموو بیرەکاندا بڕێکی هاوبەش لە ئایدیالیەتی ئەفلاتونی هەیە)( برلین ، ١٠١٦: ١٢-١٣ ) ئەو یاسایانەش بوونەتە مەودای بیری زۆربەی بیرمەندەکان لە ( دیکارت و سبینوزا و شۆبنهاوەر و نیتچە پێناسەی دیاریکراویان سەبارەت بەو چەمکانەی لە پشت هەندێ وشەی کە بەکاریدەهێنین وەك : خود، دەروون ، ڕۆح، ڕۆحانییەت.) (ایفانوف ،١٩٩٥: ١٠) هەرسەبارەت بە وێناکردن لە ئایدیالیەتی ئەفلاتونی "برغسون " دەڵێت: ( کرۆکی ئایدیالیەت لەسەر ئەوەی کە بەردەوامییەتی هەیە لە فەزا شوێن و دابەشبوونەکانی ئەو فەزایە، لە کاتێکدا واقعیەت ئەوە بە ڕووکەشی دروستکراو دەبینێت، ئەو دابەشبوونەلاوەکییە دروستکراوانەش لەدوای وێناکردنە کەڵەکەبووەکانەوە سیستەمی کردارە بەرامبەرییەکان دەدۆزێتەوە ." وەکو ئەوەی کەمێشك هێزی وێناکردن بەتەواوەتی لەخۆبگرێت "، لەسەرئەمەوە جەخت دەکرێتە سەر هاوتەریبەتی سیکۆفیزیکی /دەروون فیزیایی، دەچێت خزان تانکی تیاهەڵگرەکەی لە دەرەوەی وێناکردن دامەزراندووە نەك لەناوییەوە لەدەرەوەی فەزا نەك ناو فەزا . واقع خۆی لەناو فەزا بڵاوە پێدەکات وازلە واقعیەتەکەی دەهێنێت بۆئەوەی بچێتە ئایدیالیەت بەشێوەیەك کە پەیوەندی مێشك بە باقی وێناکردن وەکو پەیوەندی بەش بە کۆی گشتی یە .)(برغسون،١٩٩١: ١٨٦ -١٨٧) دواتربابەتی (بەها ڕەوشتییەکان مرۆڤ ناتوانێت بیدۆزێتەوە تەنها لە ڕێگە ی بەکارهێنانی ڕێگایەکی گونجاو نەبێت لە تێڕوانینێکی میتافیزیکی و لێکۆڵینەوەی زانستی، گفتوگۆی فەلسەفی و سروشی خوایی. مرۆڤ پێش هەموو شتێك دروستکراوێکە تەنها عەقڵی پێنەبەخشراوە بەڵکو ویستیش، ویستیش کرداری داهێنەرانەیە لای مرۆڤ.) ( برلین ، ٢٠١٦: ٥٩ ) کاتێ زانستی کارما بەتایبەتی لە بواری بابەتەمرۆییەکاندا لەئەدەبیاتەوە بگرە بۆ دەروونزانی کاریگەرییەکی کەمتری لە بابەتە زانستییە داهێنراوەکان نییە ، ئەگەر بە دروستی کاری پێبکرێت. کەواتە دیاریکردنی کارما و ناسینەوەی کارمایی و شێوازی ئەدەبیات و دەروونزانی کۆمەڵ بەرەو ئاراستەی پۆزەتیفبردنی مەشخەڵی ڕزگارکەری نەك ئەوانەی لەو بوارانەدا کاردەکەن بەڵکو کەسانی زانستی ئەزموونگەریشن. کە ئەوانیش مرۆڤن و لە کۆتاییدا کارما لەگەڵ ئەوانەشدا کاردەکات. "لەهەندێ وڵاتدا مرۆڤی زانستخواز لە پزیشك و ئەندازیار دەکەونە بەر هەڵوێستی نامرۆییانەی ئەوانەی کارما بۆ بەرژەوەندی و دارایی خۆیان بەکاردەهێنن لە شێوەی دانیشتن و تێڕامان بەرەو نەهامەتییان دەبەن. بەتایبەتی زانستی فیزیا کەهەرخۆی بەشێك لە فیزیکی مرۆڤ دەردەخات. یا لایەنی پزیشکی کە یاریدەدەردەبێت لەچارەسازی ڕۆحانی، کەدواتر دێینە سەری و کاردانەوەی لەسەر باری نەخۆش دەبێت کە زانستی ئێستا سەدا هەشتای نەخۆشی بۆ نائارامی دەگەڕێننەوە. ویژدانی پاککراوەو ویژدانی بەهێز بەرەو ڕۆحی پاککراوەو کارمای بەهێزمان دەبات بەم شێوەیەش سەبارەت بە ئەدەبیات کاریگەری لەسەر خودی شاعیر دەگوێزێتەوە بۆبابەتەکەی و لەوێش بۆبنتی قووڵی بیری تاك ، دواتریش بەرەو قاڵبی بە بابەت بوونەوەی سەرلەنوێ لای وەرگر وئاسۆی چاوەڕوانییەکەی کە چاوەڕێ ی چی لێ دەکرێ. کاتێ لەسەردەمی نوێ دا تەسکبینی و قۆستنەوەی دەقی ئەدەبی تەنها لە چوارچێوەی شتێك کە پێ ی بڵێن ئەدەبیاتێکی ڕووت تەنها بیرۆکە بێت باوی نەما . زانستی نوێ ی لێکۆڵینەوە لەدەقی ئەدەبی ئەوەی سەلماند کە کایەی دەق زۆر لەوە فراوانترە بە تەنها مەودایەك ببەسترێتەوە. دەق دوانرا، دەق ئاسۆی قووڵایی گەنجینە شاراوەکانی بیری دەقنووسە بلیمەتەکانی ئاشکرا کرا بە کۆی شارەزاییانەی وەرگرە ڕۆشنبیرە بیریارەکان کە توانیان جوانبینی دارشتنەوەی خۆیان و جوانییەکانی نهێنییەکانی ئایدیاکان بخەنە بۆتەی شیکردنەوەی نوێ ی دەق و بیبەخشنە خوێنەرە ئەکادیمییەکان. لێرە ئەوە دەسەلمێت خۆی هەر ڕاڤەکردن پەیوەستە بە جوانبینی و جوانگۆیی دەربڕ چونکە لەوەیە زۆر لە بابەتی ئەدەبی لەڕێگەی جوان گەیاندنی کەسانی بلیمەت کە سادەی ناو کۆمەڵگە بووبن لەڕێگەی گێڕانەوەی پوخت و زمانە ڕوون و ڕەوانبێژییە پوختەکانییان بنیادی دەقەکەیان کردبێتەوە و کەسیش بەو شێوەیە پێ ی نەزانیبن چونکە بێ گومان (دەق بریتیە لە کرداری گۆڕینەوە لە دەقەکانی تردا ، واتا کرداری دەق ئاوێزانی، لە فەزای دەق دا گەلێ وتە کە لە دەقی ترەوە وەرگیراون یەکتر دەبڕن ، ئەمەش وادەکات هەندێکیان هەندێکی تر دیاری بکات یان بەرپەرپەرچی بداتەوە یان هەڵیبوەشێنێتەوە بەم چەمکەوە پەیوەست دەبێت بیرۆکەی دەق لەلای خۆیەوە بەو پێ یەی کە یەکەیەکی ئایدۆلۆژییە لەسەر بنەمای ئەوەی کە یەکێ لە ئاریشەکانی سیمۆلۆژیا لەوکاتەدا دەبێتە مایەی خستنە ڕووی دابە کردنەکانی ڕەوانبێژی کۆن بۆ ژانرە ئەدەبییەکان بۆ ئەوەی کردارەکانی دیاریکردنی دەقە جیاوازەکان جێگەی بگرێتەوە بە ناسینی تایبەتمەندییەکانی ئەو سیستەمەی کە زاڵە لەسەر ئەو سیاقە ڕۆشنبیرییە کە خۆشی بۆی دەگەڕێتەوە و باڵی بەسەر دا دەکێشێت.) ( فضل ،٢٠١٦ :١٤٩-١٥٠ ) سیستەمی زاڵیش ڕاستە بوونی هەبووە بەڵام بەپێی ئەو سیاقە ڕۆشنبیرییەی کە هەرچەندە زاڵیشە بەسەریدا گۆڕانکاری ڕیشەیی بەخۆی بینیوە، چونکە هێزی بنیادی سەرەتایی ڕۆشنبیرییەکەش لە کانگایەکی مەزنی بێ ئەژماری کلتورو شارستانییەت چەقی گرتووە بۆیە کاریگەری لەسەر ئەو سیستەمەش دەکات کە بەڕێوەی دەبات ، کاتێ تایبەتمەندی زیاترو نوێ بوونەوە بە خۆیەوە دەبینێت. ( بەمەش دۆزینەوەی سیستەمی دەقی بەخشراو وەك ممارەسەیەکی سیمۆلۆژی بۆ گوتەکان و بەدوایەکداهاتووەکان ئەوەی کە دەکەوێتە ناو

بازنەی فەزاکەی یاخود ئەوانەی خودی فەزای دەقەکان بۆی دەنێرن پێ ی دەوترێت یەکێتی ئایدۆلۆژی .) (فضل،٢٠١٦ :١٥١) کەواتە بابەتی ئەدەبی لەهەموو سۆنگەکانی ئایدۆلۆژیاکانەوە جەمسەردەگرێت و لەهەرهەمووشیان دەتوانێت سەرەداوی خۆی دانێتەوە یا وەربگرێت. دانێتەوە ڕاستە بەمانای بەدەست هێنانە چونکە پێچەوانەکەشی ڕاستە لە بەر ئەوەی زۆرجار دەق خۆی ئایدیای نووسەری لێ هەڵدەقوڵێت نەك بە دەسکاری و زۆرەملێی تیایدا بیچەسپێنێت، لەلایەکی تر جگە لە ئایدۆلۆژیاکان زۆر دەق زانستی گەورەی تیادا دەردەکەوێت و دەسەلمێت کە دەقنووس دانایەکی بلیمەتی ئەو زانستە بووە ئەگەر خۆشی پێی نەزانیبێت ، کەواتە لە میحوەری یەکێتی ئایدیایی یەکێتی زانستیش لە بنتی قووڵایی زۆر دەقدا هەیە. کە دەوەستێتە سەر ئاستی دەقنووس وەك ئاماژەمان پێ دا. سەبارەت بە دەق ئاوێزانییەتی ئەو جۆرە دەقانە ڕۆناکی هەموو ئایدیا ئاسمانی و زەمینییەکان تیایدا تیشك دەداتەوە و بەجۆرێك دەردەخرێت کە باوەڕ پێهێنەریەتیەکەیان هەرچەند لەدەستی دووەمین و سێیەمینیش هەیە وەرگیرابێت بەڵام دانسقەی هەڵبژاردنی بیرۆکەدۆزراوەکان و زانستانەی سازاندنیان تا ڕادەیەکی باڵا تۆکمەیی پێوەدیاردەبێت. بەمەش نەك هەر پێکهاتەی سیاقی مێژوویی و کۆمەڵایەتیان پتەو دەبێت بگرە هەموو سیاقەکانی دەروونی و هێزناسی/کارمایی و سەرجەم زانستەکان ئاوێتە دەبن و سەنتەر وەردەگرن و هێز دەبەخشن، دواتر ئەدەبیات خۆی کە کۆمەڵێ ژانری هەیە ژانری ئەدەبیش ( زاراوەیەکە ئاماژە بۆ پڕەنسیپێکی ڕێکخستن دەکات، لەهەمان کاتدا وەکو گۆڕەپانێکی موگناتیسییە کاریگەری کارای هەیە لەلەکرداری وەبەر هێنانی کارە ئەدەبییەکان و ڕەخنە لێگرتنیان و بەکارهێنانییان لە هەر لاساییەکی ئەدەبی نەتەوەیی و دامەزراوەیەکی گرینگە لەدامەزراوەکانی هەرکۆمەڵگەیەك، کۆمەڵێك فەرمانی لەسەرە کە پەیوەستن بە " نووسەر ، خوێنەری گشتی ، و خوێنەری پسپۆڕ" ) (نظرية الاجناس الادبية/المسوعة العربية) ئەو گۆڕەپانە موگنەکارییەش چەند خولگەیەك لەدەوری خۆیدا پەلکێش دەکات بنیادگەرانە هەر لەلایەنی زمانەوانییەوە بیگرە تا بەرەو ڕەخنەی ئەدەبی و هێنانەناوەوەی دەروون شیکاری و کەلتوورو ئەنترۆپۆلۆجی/ مرۆناسی ، لەپاڵ ئەمانە هەموویاندا دەق بە خولگەیەکی ئیستاتیکیانە ڕەت دەبێت پاشان کاریگەری باکگراوندی مەعریفی خوێنەریش ی لەسەردەبێت و لەدەوری هەموویاندا خرمانەیەکی کارمایی ئیستاتیکی هێزێکی پۆزەتیف دەبەخشێت . ئەمەش ئەدەبێکی هێزبەخش و چارەساز دەبێت، وەك لەم هێڵکارییەدا بەڕوونی مەستەکە دەریدەخرێ :



هەمووی لەبەر ڕۆشنایی زانستی ئیستاتیکادا کارما دەبەخشن، کاتێ خوێندنەوەیەکی قووڵی بنیادی دەق دەکەین بەکۆی مەعریفە بنیادییەکان بۆنموونە لەلایێنی زمانەوانی و "سۆسێر"و شێوەگەرایی فۆرمالستەکان و هەڵسەنگاندێکی ڕەخنەیی جاڵجاڵۆکانەیی "بارت" و دەرخستنی بنیادی کلتوور و شارستانی و ئەنترۆپۆلۆجی "لیڤی شتراوس" و دەروون زانانەی "لاکان" کاتێ دەگەینە هاوکێشەیەك هاوکێشەکی لە تیشکی ئیستاتیکیانەی سەرجەمیان ڕۆشندەبنەوە ئینجا وورده وورده بەرەو گۆڕەپانی موگنەکاری پەلکێش دەکرێن کە دەقەکەیە. کەواتە گۆڕەپانی موگنەکاری ناو ژانری دەق هەموو جوانیە شیکارکراوەکان بۆخۆی ڕادەکێشێت و جوانییەکی نوێ بەبنیادێکی دەرچوو و مۆڵەت دراو لە مەیدانی ڕەسەنی و جوانی ناسییەتی پێ دەدرێت و دەبێتە بابەتێکی پتەو و تۆکمەی وەها کە هێزە موگنەکارییەکە بیخوێنێتەوە کەواتە هێز دەبەخشێت. کرداری موگنەکارییەکە هێز / کارمایەکی پتەو لە هەموو میحوەرە ئیستاتیکییەکە وەردەگرێت و "کارمایەکی پۆزەتیڤانەی ئیستاتیکی لە خولگەی هێزە موگنەکارەکەوە دەبەخشرێتە خوێنەر" .

١.٨. پەیوەندی کارما بە ئیستاتیکا و عیرفانیەت:

سروشت جوان، مرۆڤ جوانتر، خولقێنەر جوانترین. و ئایدیا جوان دواتر جوانییەکان هەموو بۆ خولقێنەردەگەڕێنرێنەوە وەك باباتاهیر دەڵێت:"لەهەموو جوانییەکاندا تۆدەبینم "، لێرەدا کاتێك وەکو زانست لەکارما تێگەیشتین وئەو هێزەی بێ گومان وەکو چۆن لەکاروپاڵنەری چاك وخراپ پڕشنگی دەدا ، ئاواش لە ووتە و ئەوبینراوە فیزیکیانە کاردانەوەی هەیە بەمەش دەگەینە ئەوەی کاتێك بیر و وتەی دانسقە لە ئیستاتیکاو عیرفانییەت دەدۆزینەوە لە بنتی ئەوانیشەوە لەو بازنە خەرمانەی درووستبوو و دەرکەوتوودا کارما دەدۆزینەوە. ئەو جۆرە کارمایەش بەپێی پۆزەتیفی ونێگەتیفی بابەتی شیعرەو دەنگی زاڵی باسکردن و دەربڕی خۆی ئاشکرادەکات . ئەوەش نزیکی کەینەوە هەتا بۆ مرۆڤێك یا بڵێن خوێنەرێکی ئاسایش ژیربێژی تیدایە واتا لەڕادەیەك لە ڕێگەی ژیری و شیکاری بیری و ویژدانی خۆیانەوە تێگەیشتنی سەرەتاییان بۆدەبێ ئەمە لەلایەك و دواتریش کاریگەری و کاردانەوەی کارماییان تێدا زاڵ دەبێت ئینجا ئەو هێزە بەدیمەنی فیزیکییان بەڕواڵەت و گۆکردنیانەوە دیاردەبێت لەلایەکی ترەوە . لێرەدا دەگەینە مەرامی باسەکەمان کە ئەدەب بەگشتی ئەدەبی عیرفانی و ئیستاتیکای ئەدەب کاریگەری وکاردانەوەی کارمایی لەسەر هەر تاکێك دەبێت. لەپەندو نەستەق و گێڕانەوەکانی حەکایەت و فۆلکلۆرەوە بیگرە تادەگاتە فەلسەفەی ئەدەبی جا بەهەر شێوازێك بێت .کاتێك تابلۆیەکی کاریگەر دەبینین کاردانەوەی دەبێت لەسەرمان، ئەی کاتێك شیعرێك دەبیستین وێنەی زەینی ئەو شیعرە تا هەتایە چەسپ دەبێت ئینجا بە پۆزەتیف بێ یان نێگەتیف . نموونەی تابلۆی وێنەکێشی ئیتاڵی "براغۆلین"

ئەو منداڵەی بەسۆزەوە دەگرێت توێژینەوەی لەسەرکراوە زۆرترین خۆکوشتن لەو ماڵانەبووە کە لێ ی هەڵواسراوە، ئەمە دوور لە هەموو بیرێکی پڕوپوچ و خورافی ڕاستیەکی ئاشکرایە. وەك چۆن زانستیش کاریگەری ڕەنگ و بەکارهێنانی وەك چارەسەر ی سەلماند کەواتە ئەدەبیات وردتر شیعری پۆزەتیڤ و نێگەتیف هەیە . کە کاریگەری لەو پەڕی باشی و دڵشادی و هەڵپەی داهێنان و ژیانەوە بە تاك دەبەخشن لە هەمانگاتدا شیعری نێگەتیف و ڕەشبین هەن کە بەزیندوویی ژیانی واتایی لەمرۆڤ دەسێننەوەو بەرەو تاریکایی و بێ ئومێدی و خابوونەوە و هەتا خۆکوشتن دەبەن .ئەوانە دەمانبەنەوە سەرەتاکانی ئیستاتیکا لای ئەفلاتوون کە بەلایەوە جوان واتا جوانی ئایدیالیەتی کامڵی هەبێت و خاڵی لاوازی ناشیرینی تێدانەبێت. بەم شێوەیەی بیری ئەفلاتونی ئەوشیعرانەی غەریزەیان دەوروژاند و مەرامی هێنانەکایەوەی دەوڵەتی خێرمەندو بردنی یۆنان بەرەو لوتکەی زانستی بیری وسەربازی لەڕێگەی گەنجەکانییەوە نەدەهێنایە دی. کەواتە ئەوەی ئەفلاتوون بەرنامەڕێژی بۆدەکرد دەتوانین بڵێین بێ ئاماژەکردنی بۆ ئەوباسەی ئێستا لەناواخنی باسەکەیدا هەر بوونی کارمابووە .بەهەمان شێوە ئەڕستۆ لەباسکردنی پاکبوونەوەی دوای وروژانی هەستی سۆزو بەزەیی کارمای پۆزەتیف و نێگەتیف بووە لە ڕێگەی بابەتەکانی تڕاژیدیاو کۆمیدیاو کاریگەری وکاردانەوەکانیان.

**کارمای پۆزەتیڤ وەکو چارەساز و ڕزگارکەری مرۆڤایەتی و شارستانیەت: ٩.١.**

هێزی پێویست لەپێناو ژیانکردن ( لەکوێوە دەستمان کوێ و چۆن لە ڕۆحماندا پەرژین بەندی بەرەکەتی بکەین ؟ لە پێناو خۆشگوزەرانی دەبێت دوورکەوینەوە لە هەستە سەلبیەکان وەکو ڕق و بەکەم زانین و شەڕانگێزی ، کە سەرهەڵدەدەن و کەڵەکەدەبن لەناو ڕۆح دا وبازنەی خۆی فراوان دەکات ، تا ژەهراوی بوونی تەندروستی و چارەنووسی دەوروبەرمان هەتا دەگاتە منداڵەکانیشمان ، خوا سەرچاوەی ژیانە، کامەڕانی و تەندرووستی و هەموو بەرەکەتمان لە ژیان دا لەهەموو چرکەیەکدا خۆشەویستی دەبەخشێتە خودمان کەدەبێتە هێزی پێویست بۆ ژیان .) (لازاریف، ٢٠٢٢). لە هەمان کاتدا ( چالاککردنی بنیادی ڕوحی و هەستکردن بەخۆشەویستی ، بەباشترین هۆکار دادەنرێن بۆپاککردنەوەی کارما .) ( دیب ، ٢٠١٢: ٢٠) . کارما وەکو چارەساز لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێویستە چونکە ( مرۆڤایەتی ئەمرۆ زۆر دوورکەوتووەتەوە لە سەرچاوە ڕۆحییەکان، بۆیە زیاتر بەوکەشتییە دەچێت کە هەموو تاقمە سەرنشینەکەی لەشەڕدان لەگەڵ یەکتری . کەشتیوان دیارنییە ، چەند کونێك لە ژێرەوەی دروستبووە . جوڵێنەرەکەی لەکارکەوتووە . هەندێ لە ئەندامانی سەرنشینەکە درکیان

بەوە کرد کە چی ڕوودەدات، بۆیە هاواری چاکبونەوەو چاکردنەوەی کەشتییەکە بەرزبووەوە ، بەڵام نەگبەتی گەورە کە کەس درکی پێ نەکردبوو : لەوەدایە کە کەشتییەکە ئاراستەکەی بەرەوگاشەبەردە ، بۆیە هەتا چاککردنی جوڵێنەرەکەی کەشتییەکەش کەشتی و تاقە سەرنشینەکەی ڕزگارناکات بەبێ گۆڕینی ئاراستەی کەشتییەکە.)(لازاریف،٢٠١٩ : ٦)ئەمەش سەبارەت بە ژیاندن و تەنگەژەی ڕووی لە دەروونی مرۆڤایەتی کردووە کەتەنها بە گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوەو ڕاهاتن لە ڕەشبینییەکی نێگەتیفی شەڕانگێزی کوشندەوە بۆ گەشبینییەکی پۆزەتیفی خێرمەندانەوەی ئومێدبەخش ( ئێمە لەو مەترسیانە دەڕوانین و دەگەڕێین کە لەدەوروبەرمانە ، کەچی خۆی مەترسی گەورە لە ناو مرۆڤ خۆیەتی کە ئەمانەتێکی هەڵگرتووە بەهەموو ئاسمان و زەوی ڕازینەبوون هەڵیگرن.) (الجهنی، ٢٠١٥: ٣٣) بەڵگەی ئەمەش "انا عرضنا الامانة على السماوات والارض فحملها الانسان "لە ژیاندنی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیدا ( چارەسازییەکان لەڕێگەی هۆکارە تەکنەلۆژیاییەکان دەدۆزنەوە، ئەوە کۆمەڵگەیەکە کە هیچ بوارێکی بۆ ژیانی عەقڵی مرۆڤی تێدانییە، بۆ ئەندێشەی ڕەوشتی و ڕۆحی و ئیستاتیکیش.) ( برلین ، ٢٠١٦: ٢٣ ) کە هۆکارە بۆلاوازی مێشك و جەستەش ئینجا دواتر کاردانەوەی لەسەر بیرکردنەوە وژیاندنی .

**٢. پراکتیککردنی نموونەی کارما لە شیعری مەولەوی دا:**

**قەسیدەی "نەی گەهوارەی": ١.٢.**

**١.١.٢.دەرکەوتنی هێزی کارمایی لە ساوایی وململانێ لە گەنجێتی دا:**

**نەی گەهوارەی دەور تای دەسرازە خەم     تاکەی سەر ئەنگوشت غەفڵەت نە تۆی دەم**

**بازیت پێ وەردەن هەر یـــــەك وەلایێ     ســـەدای دایـــــــــــــەنان وە لایـــــەلایـــێ**

**های نەفەرقش هەن ئەو سەداو تەئسیر     تا ئەو لاونـــــــــــاو ئـــەو مەزەو ئەو شیر**

(مودەریس،١٣٨٩: ٤٧٦).

ئەم قەسیدە یە (جگە لە هێنانە یادی قەبروقیامەت بەو لاوە مرازی تری تیا دەرناکەوێت.) (مودەریس،١٣٨٩: ٤٧٦) جگە لەو یادە کە لە بنتی مەرامی شاعیر قووڵ دەبینەوە (ئەڵێ تاکەی لە بێشکەی زەمانەدا کە تاڵی دەسرازەکەی بە خەم و خەفەت هۆنراوەتەوە، سەرپەنجەی بێ ئاگایی ئەبەی بە دەمتا وەك منالّی ساوا ) (مودەریس،١٣٨٩: ٤٧٦)، زیاتر ووزەیەك و هێزێکی ڕۆحانی تیادادەردەکەوێ چونکە (دواندنی نەفس) ە. شوبهاندنی ژیان و گوزەران وتەختی لە دونیا لێرەدا بە هەڵبژاردنی بێشکە دەرخستووە، قاچەکانی جوولەی هەیەو ئاماژەیە بۆ نەوەستان و توانینی جووڵانەوەی و لەنگەر گرتنی کاتی . لێرەدا وێنای ئەو گوزەرانکردنە لە بێشکەی زەمانە ی گەردوون کە لەنگەو دەجووڵێت، جووڵەکانی دەیخەوێنن و ڕاهاتووە بەو جوڵانە کەزیاتر ئاماژەی زەقی بۆنەکراوە، هەر ئامرازو پێکهاتەیەکی بێشکەکە وێنایەکی تایبەتی وئەرك و سیمایەکی کارمایی پێداوە کە وزە دەبەخشن ، ئینجا دوولایەنەی پۆزەتیف یان نێگەتیف. هەر لەسەر تەختی بێشکەکە شوێنی خەوتن، خەوی نائاگایی غەفڵەت. لە کاتێکدا خۆی سوکنایە بۆ منالّ و بوونی دایك خاوەن غەریزەی پاکییەتی ئەزەلی : دایکایەتی، ئەمە وەکو بنچینە کە ووزەی خێرمەندی لێ بەدی دەکرێت. ئەگەر تەنها بە بینینێکیشی بێت کە تایبەتمەندییەتی هەڵسوڕاندنی بێشکەیە، شێوازی بێشکە ناو کورد هەر سەیری دەکەیت و لێی ڕادەمێنیت ، ئارام بەخشی و سەوداو هێزی داهاتوو، هەرلە مەستی و پاکیەتی ڕوخساری منالّ و هەستی ئاسوودەیی، چونکە وەکو شێوازی ئێستای داهێنراوی کاریکۆت و تیاخەوی منالّانە نییە، دەسرازەکە مانای توندوتۆڵی پەروەردەو جەستە و دەروون لە بە ئاگاهاتن و کات و فۆرمات و بە بەرنامەکردنی منالّ تیایدا. هەنگاوی دووەم بەستنەوەی دەسرازە کە هێمنی و ئاماژەی زیاتر بە منالّەکە دەدات کە کاتی ئارامی و خەویەتی . ئەمە جگە لە ڕەنگی داوەکانی گوڵێنگەی دەسرازەکە کە ڕەنگی پەلکە زێرینەییەو هەموو ڕەنگە ووزە بەخشەکانی لە خۆگرتووە . ئینجا چنینی لە شێوەی پەت و دواتریش گوڵێنگەی دەسرازەکان وجوڵەو خرینگەی جوانکارییەکانی بێشکەکەی پێ ڕازێنراوەتەوە، کە هەندێ جار لە کەڵبەی پڵنگەوە بگرە تا دەگاتە گوڵەو حەتحەتۆکە. ئینجا دوای بەستنەوەی دەسرازەکەو ڕاکێشان و ڕاژاندنی ،گەرمەی گرمەی قاچەکانی بێشکەکە لە سەر زەمینە پتەوەکان و هێزی زەوی و نەغمەی لای لایەی دایك و سۆزو خۆشەویستی وغەریزەی پاك .دوورنییە کاریگەری لەسەر چاپووکی و پتەوی و هێزودڵبەرزی ئەو مرۆڤانە هەبوویێت کە لە بێشکەدا ساوایەتییان گوزەراندراوە.نەغمەی لای لایەی دایك وگرمەی قاچی بێشکەو کەڵبەی پڵنگ وبۆن و بەرامەی قەنەفڵ وحەتحەتۆکەو هتد.. ڕەنگی تێکەڵ و تێری دڵگیری دەسرازەو تیشکی کەڵبەی سپی پڵنگ وسووری مەرجان وشینی لەپکە هتد. "چونکە هێز لەبینینی ڕەنگیش وەردەگیرێت" و " ( جیهانێکی نایاب لە ڕەنگەکان لە ناو دەروونی مرۆڤ دا هەیە.) ( بیرین،٢٠١٧: ٥٢ ) ئەمانە هەمووی ووزەن هێزێکی ڕۆحانی پتەو دەدەن بە منالّ، هەروەها دایکیش. کەواتە سەرچاوەیەکی ئارامبەخشی کارمایی ناو کورد شاخییەتی ناوچەکان هەبووە، ئارام بەخش

و یاریدەری دایکەکانیش بووە لە شاخ و دەشت و شار کەئەرکی دەرەوەو ماڵیان لەسەربووە. کەواتە بێشکە نەك بۆ منداڵ بەڵکو بۆ دایکیش وێستگەی ئاسوودەیی بووە لەکاتی جێهێشتنی وهاتنەوەیدا. چونکە شێوازەکەی جیایە لەگەڵ هەندێك لەنەتەوەکانی تر. کەواتە کارمایەکی ڕۆحانی بەدایکیش داوە، کە پارێزراوتربوونە، جگە لەوەی قورئانی پیرۆزو دوعایان بە بێشکەکانەوە دەکرد وەکو داڵدە وپیرۆزی وئارامی دەستخستن لێی. ئەمە هەمووی لەلایەك، لەلایەکی تر کە دێینەوە سەر وێنایەکەی مەولەوی بەزەمانە شوبهاندنی وێنایەکی ئیستاتیکییە، چونکە زەمانە وەکو لای ئەو لە شیعری تریشدا ئاماژەی بۆ دەکات دەسوڕێت هەندێ جار ئارامە وەستاوە، مرۆڤ تیایدا خەوتووە قاچەکانی ڕاژاندنەکەی دیسانەوە باردۆخەکانن کە هەندێ جار مرۆڤ ڕادەژێنن، ئەو ڕاژاندنەش ناکرێ هەر نێگەتیف بن. بەڵکو پەندوەرگرتن و بەهێزکردن و جەرگدابڕاندنە تا کەسەکە بەهێزدەبێت، وەدەگاتە ئارامی و بێ دەنگی وماتی دڵنەوایی چ بەم شێوەیە یا کە هۆشیاری نەبێت، لەئەحواڵی ڕاستەقینەی ژیان تێ نەگات، بەرەو بیری بەدو ڕەشبینی و کپ وماتی و کەوتوویی دەبات. خەوی غەفڵەت دەخاتەوەو ناوچەی پاڵدانەوەو حەسانەوە لە مێشکیدا بەکاردەکەوێت، لە بێ ئاگاییەوە دەتلێتەوە دەکەوێت و ووزەی بەد وجادوو دەبەستێ و بەسەریدا زاڵ دەبێت. لێرەدا بێشکەکە بنیادی مادی هەیە وەسفکردنی بە زەمانە بنیادێکی تری هزری خستووەتە ناو باسەکە. جووڵەی بێشکەکەی وەك باسمانکرد شوبهاندووە بەجووڵی زەمانە ئینجا سەبارەت بە دەسرازەو ئەرکی بەستەکی لێرەدا سیفەتێکی تری پێ داوە ، کە لە ئەمانەت و دڵنیاییی و ئەرکی خۆی دەیگۆڕێت بۆ پەتی خەفەت و زوڵم و زۆری گوزەرانکردن. (تاڵی دەسرازەکەی لە خەم و خەفەت هۆنراوەتەوە )، کاتێ دەسرازە لە داوی خوری ڕێسراوی ڕەنگاوڕەنگ دروستدەکرێ لێرەدا وەکو پەت و گوریسی بەستنەوەو نەهێڵانی جووڵەی ئازادی وەسفکردووە. کاتێ داوی خەفەتە پەتی زوڵم و زۆری وکۆت و بەندیشە، کەواتە بە پێچەوانەوە تا توند دەکرێ لە جیاتی ئارامی و خەو و هێز بدات زیندانی کردن و چەرمەسەری و خیانەتی گوزەران دەردەخات. ئینجا ناو ئەو وێنایە قووڵتر دەمانباتە سەر ڕووخساری منداڵەکەو دیمەن و جووڵەی کە ئەویش دەستخستنە دەمییەتی، دەستی لەو حاڵەتەدا کراوەیە چونکە دەسرازە خۆی دەستی ساواش هەر دەبەستێتەوە. بێ گومان دەست بۆ دەم بردنیش یا نینۆك خواردن حاڵەتێکی دەروونیە مرۆڤی ئێستاش گەورە لەتەمەن یا زۆربەی کات هەرزەکار ئالوودەی دەبن، کاتێ دەکەونە داڵغە یا دڵە ڕاوکێ یەکی توندو سەخت .دەست بەدەمیانەوە یا نینۆکیا دەقرتێنن، یان زۆرجار بە پێچەوانەوە ئاماژەیە بۆ ناسکی بیرکردنەوە یا مێینەییەتی و ئیغراکردن/یا پەنجە مژینی منداڵ. مەولەوی ئەو بێ ئاگاییەی بەکارهێناوە دەڵێت: پەنجەی ناو دەمی واتا لە غەفڵەتە دوورە لە فەرمیات و خۆگرتنەوەو ئارەزووی خۆی. پاڵی داوەتەوە، ئەو بارە دەروونییە کە گێل و بێ ئاگایە لە ڕاستی ژیان. کە وادەزانێت ئارامە و لە تەختی بێشکە وپەتەکانی دەسرازە هۆکارن بۆ پاراستنی. لەناو وێنای دیمەنی قووڵی دەروونی منداڵەکەو شوبهاندنەکەی دەردەچێت، دێتە دەرەوەی بێشکە کە دایك یان دایەن لایەلایەی بۆ دەکەن دەسرازەکەی ڕادەکێشن بێشکەکە ڕادەژەنن یان شیردان و پاککردنەوەی بۆ دەکەن. ( دەنگی لایلایەی دایەنەکان هەریەکی لە لایەکەوە هەڵت ئەخەڵەتێنن.) (مودەریس،١٣٨٩: ٤٧٦) لێرەدا دەشێت ئەوە دەرخات کە نەبوونی دایکی ڕاستەقینەش بێت کە خۆی غەریزەی دایکایەتی تێدایە و بیەوێت و نەیەوێت ناتوانێت فێڵ و بێ زەیی و خراپە لەگەڵ منداڵەکانی بکات." مەگەر چۆن ناوازە دەرچێت " چونکە باس لە دایەن دەکات دایەنیش کەسی دووەمە یا خزم یا بێگانە ناگەنەوە دایك، هەرچەندە نموونەی دایەنی دڵسۆزو بەزەیی بیستراوە هەروەك ئەوانەی لەیۆنان منداڵەکانی ژێر تاقیکردنەوەی بەرنامەی دەوڵەتی نموونەیی یان هەڵگرتبووەوە لە ناو شەڕابەکان نەمردبوون و دواتر لە شاخەکان بەخێویان کردبوون یان نموونەی " حلیمەتول سەعدییە"ی دایەنی پێغەمبەر"د.خ." بەڵام دایەنەکانی ئێستای مەولەوی باسیان دەکات هەمووی هەڵخەڵەتێنەرن. دایك بەنموونەی جوانترین گەوهەری نووریینی خوا لەسەر زەوی دوای پێغەمبەران"س.خ."، بەڵام دایەنی تەواو پێچەوانە دەکاتەوە، واتا لەژێر ناوو پەردەی دایکەوە کە دایەنە هەمان کار دەکەن گوایە ووزەی پۆزەتیف دەدەن بەڵام هەڵخەڵەتێنەرن. جا یان بە پارە گیراون یا ناچارن یان بەرژەوەندییەکییان هەیە کە لە شێوەی لای لایە نەغمەیان دەلاڵێتەوە و گوێ ی سەدای دۆزینەوەی بۆ دەگەیەنن ، چ ئافرەتانی تر لە ژیانیا هەبووبن یان هاوڕێ ی هەڵخەڵەتێنەر. کاتێ ( مەبەست لە دایەن نەفس و شەیتانە ) وەکو ئاماژەم پێ دا هەندێ جار دەکرێ نەفسی خۆمان یا دەوروبەرمان لە شێوەی سەرچاوەی شەڕی ڕووت بن، بەو کارە هەڵدەستن کە خیانەت کارن و لە بەرگێکی ناوازەو شیرین و دەنگ خۆش ودڵگیر کە ئاسودەییەکی دەروونی کاتی بەمرۆڤ دەبەخشن، دوایی مارانگازانە مرۆڤ دەخەن .

**٢.١.٢. بێ ئاگایی شەڕانگێزی لە نەفامی ساوایەتی و خوماری گەنجێتی:**

**هەر تفڵێ بێ شك نەی بێشك خەفتەن          جەی دایە بریان بـــــــەو دایە جــفتەن**

(مودەریس،١٣٨٩: ٤٧٦)

شاعیر زۆر بلیمەتانە وێنەکەی دەباتەوە سەر سۆزونەغمەی لای لایە واتا: لە دایەن بۆ لای لایە و سەدایە لە نائاگایی مرۆڤ دەمێنێتەوە و( کاری خۆی ئەکات تا ئەمرێ و لاواندنەوەی ناو قەبر ئەبیستێ و مەزەو شیری ئەوێ ئەچێژێت .)

(مودەریس،١٣٨٩: ٤٧٦)لەکاتی باسی دایەن دەڵێت:( دایەن ئەو ئافرەتەی کە ڕاگیری دەکەن بۆ شیر بەمناڵ دان و بەخێوکردنی ) (مودەریس،١٣٨٩: ٤٧٦)لێرەدا هەڵوەستەیەك بەبیرمان دەکرێ، لەناو جوانی دەربڕینی شاعیرەکە کە مەولەوییە، لێکدانەوەو ڕۆچوونی جواناسانەی لێکدەرەوەکەی "مەلا عەبدول کەریمی مودەریس"وون دەبین. مەولەوی هێزی لایلایە و ئەو وزەی هێزی ڕۆحی تا لاواندنەوەی قەبرومەزە و شیری ئەبەدی، واتا لەوێ لەکاتی شەق بوونی ناوچاوان و ئەلحەد دانان و تەلقین و مەراسیمی چوونی ڕۆح بۆ ئاسمان، شیری ئەوێ ئەچێژێت.. جا جیهانی بەرزەخە ولەشێوەی /ئینتیمی"حميم ودەردراوی سوتان/ غساق"ە " هذا فليذقه حميم وغساق"، یا هەتایی شیری ڕووبارەکانی جەننەت و فیردەوسە، یا هی دایکی لە لووتی دێتەوە دەر هەروەك لە داهاتووە، کەواتە ئەگەر دەنگی نەفسی ئەممارە/ تێوەگلا بێت " الا من رحم ربي " لێرەدا دەگەینە ئەوەی زۆر ترسناکە، چونکە کاتی زەمانە فێڵ و ڕاژاندنی شەیتان و هێزی شەڕ و گۆڕانیشیان بۆ بڵێ. لە شێوەی دایکیش لەبەردەمتا ئایا نەفسە لە مناڵییەوە بەو جۆرە لە گەڵ مرۆڤ دایە ؟

**گەردوون وەکو هێزی کارمایی :** بێ گومان هەرمناڵێك لە بێشکەی زەمانە "ئەگەر وەکو بێشکەو تەختی گەردوون لێکدانەوەی بۆبکەین" خەوتبێت لەدایکی ژیان ئەبڕێتەوە، کاتێ باسی کارما دەکەین کارماو زۆربەی ئەوانەی ئێستا لە جیهاندا کردوویانەتە بەرنامەی زانستی سەردەمی نوێ دەڵێن: سەرچاوەی گەردوون ناڵێن خوا کەواتە ئەو هێزەی ئەو تاقمانە "وەك لە تیۆریدا باسمانکرد "لە گەردوون وەریدەگرن هێزی شەڕانگێزی و هەڵخەڵەتێنەر وفێڵ و تەڵەکەبازی تێدەکەوێت واتا کارمای شەڕانگێزییە. بەڵام ئەو سەرچاوە سەرەکییەی کە خوا خێرمەندی و نوورە کارمای پۆزەتیفی لێوەردەگیرێت. و ئەوان تاریکی و شەڕیش وەکو هێز بەکاردەهێنن. کەواتە ئەو بێشکەی مەولەوی باسی دەکات کە نزیکەی دووسەدە پێش ئێستایە کە بلیمەتانە پێش زەمەنی خۆی کەوتووە لەو زانستانە. من پێم سەیرە مەولەوی لەو زانستانەش شارەزابووبێت هەرچەندە وەڵامەکەی لەوانەیە ئەوەبێت: کە مەولەوی لە جەمسەرەکانی هاوکێشەکەی بە هەردوو باری خێرمەندی و شەڕانگێزی زانیاری هەبووە، کە هێزی خێرمەندی خواو نووری بەسیرەت بوونی فریشتەکان و جوندی خوا و کەشف وکەرامات ی پێ زانیوە هەروەك لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت. بە پێچەوانەشەوە هێزی شەڕی ئەو دەستانەش کە سەرچاوە/خوا بە گەردوون دادەنێن، یا هەندێ جار مرۆڤ یان خۆیان و تێرامان بەگوێ کردنی ئیلهامی شەڕ و بە دواداچوونی و بەردەوامییەتی لەگەڵ هێزی شەر. تادەگاتە ئەوەی چاوی سێ یەمیان دەکرێتەوە وشت دەبینن. کەواتە مەولەوی زانیاری هەبووە. باسی ئەوەمان کرد نوێترین زانستی سەردەمی ئێستا زانستی هێزی ڕۆحی/ کارمایە، کە ئیلهام لە ئەهریمەنەوە وەردەگرن و بەناوی تێرامان و یا جۆرێك لە زانستی کارماییە کە ئێستا کەمتر لە ناو کورددا باوە تەنها یان کەراماتی پارێزراو هەیە یان جۆرێك لە جادووگەری و تەڵەکەبازی کە کەسانێکی کەم پێ ی ناسراون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەولەوی لەو کاتەوە دەسپێك دەڵێت: مناڵەکە لە سەر تەختی زەمانەیە کە گەردوونە و بەو شێوە بێ ئاگاییە تیایدا خەوتووە کە بە ئارەزووی خۆی پەنجە دەخاتە دەمی و غافڵە، شەیتان گۆرانی بۆ دەڵێت و هەڵیدەخەڵەتێنێت. کە بەرامبەرییە لەگەڵ تێرامانییە کارماییە مۆدێرنەکەی ئێستا کە گوایا ئیلهامیان بۆ دێت و کە جارێك بە هەندیان وەرگرت هیتر دووبارەو سێ بارە بەهەمان شێوە. کەواتە لەدایکی ڕاستەقینە دابڕاون واتا لە فیترەت و دڵسۆزی خۆیان کە خوای تاقانەیە دابڕاون.و لەبەری دایکی گۆڕەوە ئەنوێ واتا بەرەو نەمان و تیاچوون. وەك من پێ ی گەیشتبم دایکی گۆڕ واتا نەمان وفەوتان چونکە دەشکرێ دایکی گۆڕ پۆزەتیفیانە لێکبدرێتەوە کە دایکی مرۆڤیش بێت واتا نیشتمان. بەڵام زیاتر لێرەدا گۆڕ بەمانای مردن و تیاچوون دێت. چونکە دەڵێت لە ژیان دادەبڕێت ،"ئەو دەستەکەسانەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەم کارەی ووزە دەکەنە پیشە لە ژیانی ئاساییان دادەبڕێن ئەوانەی کە لەڕێگەی وزەی نێگەتیف و تاریکی بەتایبەتی کەخۆیان وایدەناسێنن ژیانیان وەکو مرۆڤی ئاسایی نامێنێت وردە وردە بەرە و ترس و هەندێ جار سکونێکی کاتی وەردەگرن دواتر دووبارە سەرسەختتر بە دەست هێزی شەڕ دەناڵێنن". وەك لەو وێنەیەدا دەردەکەوێت:



ئەم وێنەیە لەخەیاڵی هونەرمەندی ڕێزدار "ئاغەلە"لەخوێنەوەی بۆ ئەو قەسیدەو توێذینەوەیة كێشراوة. (بێشكەی طەردوون/سەرضاوة ،دەسرازة/تێرامانەكانی بەدەستهێنانی ووزة ،شەيتان یا نەفس/طۆرانییان بۆ دەلَیت تاماوةیەك ئیلهامیان ثیَ دەدات بۆ هةلَخةلَةتاندن ).

لێرەدا هەمان كارمای شەڕاگێزی سەردەمی نوێ ی لێوە بە دەست دێت، چونكە ناو بێشكەكە واتا تەختی گەردوون و كش ومات ، كە هەر تاقمەو شتێ بە سەرچاوەو ئیلاهی خۆی ناودەبات..

**٣.١.٢.كارمای پۆزەتیف لە سەرهەڵدانی نیشانە كۆتاكان:**

لە : وەس خاكبازی كەر بێدار بەر ئامان          بریانەوەی تۆیچ سەر وەختش ئامان (مودەریس،١٣٨٩: ٤٧٧) دا

(بەس یاری بكە بەخۆڵ دەخیلتم وریابەرەوە /وەختی تەختی برانەوەی تۆیش هاتووە لە مەمكی ژیان ) (مودەریس،١٣٨٩: ٤٧٧) دیسانەوە بلیمەتی مەولەوی پێش هەموو شتێ پلەبەندی لە نیشاندانی وێناكردنی ژیانی مناڵ، و دوای باسكردنی دایەن و لای لایە /دێتە سەر دەرهاتنی لەناو بێشكەدا. كە هەر خۆی پێنج كۆدی قەدەرو دێتە سەر قەدەری مناڵەكە و دەرهاتنی لەبێشكە. مناڵی ئەو كاتەی كورد كە لە بێشكە دەردەهاتن لە لەو ناوچە شاخاوییانە یارییان بە خۆڵ و یان گاگۆڵكێ و بەردەرگا. هەرچەندە بۆ سەردەمی ئێستاش لە باخچە یان دەوروبەری ماڵ یاری بەخۆڵ دەكەن یان هەرنەبێت بەشێوەیەكی پێشكەوتوو یاری بە قووڕی دروستكراو دەكات. كە پەیوەستە بەو مادە سەرەتاییەی خۆی مناڵەكە لێوەی دروستكراوە. دەرچوون لە بێشكە بەرەو گەورەتر بوون و گاگۆڵكێ و خراپی یاریكردن بە خۆڵ واتا خۆشەویستی و دڵنەواییی وەرگرتنی لێ ی لەلایەك و یان واتای بێ منەتی لەو مادەیەی كە لە فیترەتییەوە لێوەی دروست بووە. لە كاتەكانی برانەوەی ئەو مناڵە یە لە مەمكی ژیان واتا كاتی یاری بە فیترەی پاك و ئەسڵ و دروستبوونیەوە دەكات. مەمكی ژیان واتا ڕۆزی، كەواتە بەرەو نەهامەتی دەچێت وئەوجۆرەی ڕۆزی لێ دەبردرێت.

**ها وە قەفاوە یـــەند شی بە وێدا          چـــــــەم بێ بیـــــنایـــی مدیۆ وە ڕێدا**

**قەزا وە قومار نە پای پاختەمەن          قامەت حەلقە بەست وەختی تاختەمەن**

(مودەریس،١٣٨٩: ٤٧٧)

(وریابەرەوە ئەوەندە پشتت كۆمبووەتەوە لە بەرپیری كە ئەڕوانی بە ڕێگادا چاوت هیچ نابینێت. )

(مودەریس،١٣٨٩: ٤٧٧) دیسانەوە پلە بەندی: مناڵەكە یاریكرد بە خۆڵ و فیترەتی ئاسایی خۆی و نزیك بوونەوە لەمەمكی ژیان. ئینجا وریا بەرەوە: دیسانەوە چونكە لە دێری سێیەمیشدا دەڵێت: های واتا وریابە. ئاگاداربە لەبەر نەهامەتی و كاركردن و پیری مرۆڤ بەرەو پشت كۆم بوونەوە دەچێت. بەڵام لێرەدا دوای یاریكردنی بێ كەڵك و زۆری بەخۆڵەكەی ژیان پشتی چەماوە بە جۆرێك كە كووڕ بووەو ناتوانێت بەردەمی خۆی ببینێت. لێرەدا ڕاست و دروست ئەوە دەگەیەنێت چونكە باس لە تەمەنی گەنجی و كات بە ڕێكردن ناكات هەرخۆڵخۆڵێنەكە باسدەكات. كەواتە یاری بێ كەڵكی ژیان بەرەو لێستاندنەوەی بەسیرەتی بردووە، بشیەوێ ئەگەر چۆن دەنا ناتوانێت نە دوورنە نزیكی خۆی ببینێت. واتا بەسیرەت بینی ئەحواڵی زەمانەی نامێنێت. دەتوانرێ وەهاش لێبدرێتەوە پشتی كۆمبوونەوەی ڕێگەنادات ڕاست ببێتەوە تاوەكو چاوی هەڵببرێت و ببینێت، وزەی نێگەتیف و زاڵی تەلیسمی شەڕانگێزی نابیناو بێ دەسەڵاتی دەكات. لێرە لەوە ورد دەبینەوە كە ( مەولەوی لە شیعرەكانی لەمەودواوە لە قسە لەگەڵ خۆكردنەوە دێتە سەر قسە بەدەمی خۆوەكردن ) (مودەریس،١٣٨٩: ٤٧٧) ، كەواتە نابینا بوو هەتاوەكو ئێستا قسەی لەگەڵ خۆی دەكرد / لە حاڵەتێكی ڕۆحانی دابوو، ئەگەرێك هەبوو كە لەگەڵ خۆ گفتوگۆبكاو ئامۆژگاری نەفسی بكات. هێزی خێری خوا و خۆی بووە، ئاگاداری و ئیلهامی پێ بەخشی بێت، بەڵام كەچووە ناو تابوتی سەرچاوەی گەردوون ی بەخوا زانی و ڕێگەی دا شەیتان نەغمەی بۆ بخوێنێت، دواتر یاری بە فیترەتی خۆی كرد، هێزی لەمەولا دەبێت قسەكان بەدەم خۆیەوە بكات و ببێتە ڕاستەقینەو دەربڕین، قۆناغی كارمای شەڕانگێزی سەردەمیانە كە ئیلهام لەشەر وەردەگیرێت ئینجا دەكەونە قسەكردن لەوبابەتانەو دەڵێن كە شتمان بەدەستهێناوەو دەبنە خواوەندی بچووك. لە لێكدانەوەی (قەزاو قەدەر وەك قومارچی خۆی ئامادەكردووە پێم بدۆڕێنێت ، باڵای ڕاستم چەمیوەتەوەو وەختی تاڵانكردنی سامانی ژیانمە) (مودەریس،١٣٨٩: ٤٧٧) ، باسی ئەوەمانكرد لە تیۆرییەكەدا كە خولی ڕاهێنان دەكرێت بۆ فێربوون و وەرگرتنی وزەو تێرامانەكان و هەریەك سەر بە ڕاهێنەرەكانی خۆیان دەبن. مەولەویش باس لەو قۆناغانە دەكات كە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێت. هەموو شتێك لەدەست دەدات وەكو قومارچییەك كە بەختی خۆی تاقیدەكاتەوە لەقوماركردن زیاتر یش گیرۆدە دەبن، ئینجا لەناكاو بەرەو نەخۆشی دەروونی و تێكچوونی دەماری و لەدەست دانی پارەو سامان و ژیان و تەمەن، چونكە لە شێوەی گروپی مادەبێ هۆشكەرەكان وەكو ئالودەبوون بەو مادانەوە بابەتەكە سەختە چونكە كاتێ ڕاهێنانی

وەرگرتنی ئیلهام بەیەکتری دەکەن، وە ك لە تیۆرییەکەدا ئاماژەمان بۆکرد "دوورین ڤێرچیۆ" کە ٢٠ ساڵ مامۆستایەتی لەو بوارە کردو بووبە ئینسکلۆپیدیا لەوبوارە کەچی دواتر پەشیمان بووەوە. " وەکاتێ مەولەوی دەڵێت: باڵای ڕاستم واتا بە ڕاستی لەسەر فیترەی ڕاست و پاك خەلق ببوو، بەڵام خەریکە دەدۆڕێ و سامانی ژیانم تاڵان دەکرێ، چ ڕابردووی ژیانی خۆی بێت چ مادە لێرەدا دەبێت هەڵوەستە لە سەر ئەوەبکەین کە مەولەوی ئەوەش بۆ قەزاوقەدەر دەگەڕێنێتەوە جا چ خۆی هەر لەهێز وەرگرتنەکەش قەدەرە دەبێت، ئەو بڕوایە هەبێت کە لە دەروونی مرۆڤ خۆیدا موخەیەریش هەیە. وەکو موقەدەر بووە بۆ کەسێك کە نەفسی ئاوای لێ کردووە. بۆیە ئەو شیعرەی نووسیوە کوردو خەڵکانێکی پێ ئاگادارکردووەتەوە کە ئاگاداری سەرەتای گوزەراندنی ژیان و پاڵدانەوە دەروونی ڕۆحانی خۆیان بن و بزانن ڕووگەیان دەکەنە چ سەرچاوەیەك.


**٢.١.٤. پەلکێشکردنی دیاردە پۆزەتیفەکان بۆ لادانی شەڕانگێزی سەرە مەرگ:**

موتریب، سازەکەت ئۆف چ وەش تەرز بێ ئەمجاریش وەك دەنگ مەجلیس هەر بەرز بێ

**تا کورەی زاریم بڵێســــــــــــــــــــە سانۆ داخی لوای وێم جە دڵ نەمـــــــــــــــــــــــــــانۆ**

**داد نمە دۆ داد شین، مالوومەن لێـــــــــم دەمای وێم پەرێم هیچ کەس وێنـــــــــــەی وێم** (مودەڕیس، ١٣٨٩: ٤٧٧)


لەوانەیە مەبەستی شێخی تەریقەت یا بانگەر بووبێت یا حەلقەی تەجەللای مەجلیسی خواپەرستی، کە لەو نەهامەتییەدا کاتێ کەوتووەتە ئەو بارودۆخە دەنگی کۆڕی یاران بەرزکەنەوە. هەتاوەکو مەبەستی کوورەی گریان و زاریم بڵێسە دەسێنێ، لەو سوتانەو پەشیمانیە خوای گەورە دیسانەوە ڕوحمی پێ بکا و پاکی کاتەوە، داخی مەرگ و تیاچوونی لە دڵ نەمینێ. کەواتە ئەگەر لە شین و گریانی خۆی نەبێت هی کەس بەسەری کەڵکی نابێت بۆی. کە خۆی هەر کەڵکی نییە . تەنها ئەگەر مەبەستی پەشیمانی و گریانی چاوە"عین بکت فی سبیل الله" بەرامبەریان یان لە نێو دەستی خوا و پاڕانەوەو تۆبەکردن، بەهۆی ئاگروسوتانی دنیایی پاك ببێتەوە و لەو کەوتنە ژێر بازنەی شەڕانگێزییە ڕزگاری ببێت، سەبارەت بە بازنەی ڕۆح تیایدا چەق وەردەگرێت و خەرمانەی کارمایی نور کە دەوری جەستەی مرۆڤ پێی کاریگەر دەبێت لەنموونەیەکی تری شیعردا شاعیر دەڵێت:(بعد از ان کە دل پر بوو لە سەفا جەلای ڕۆحە و سیر خەفیەو ئەخفا) ( مودەڕیس، ١٩٨٨: ٤٦٨) . هێڵکاریی لەتیفەی کارمایی:




* تەنها وێنەی پۆترێتەکە: ( سمر:٢٠٢٢).

ئەگەر لەبازنەی شەڕاگێزیش ڕزگاری نەبوو کە مرد خەڵکیش بۆی بگرین کەڵکی نییە، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش گریانی خەڵکیش ئەگەر بە واوەیلا و شین بێت دەنا ئەگەر وەکو ئاماژەم پێ دا

مەبەستی پەشیمانی و دوعا بێت، بەڵام حەتمەن کاتێك کەسێك بەرەو شەڕانگێزی دەچێت و تێکەڵ دەبێ و هێزی شەڕ بەسەریدا زاڵ دەبێت و گوێ ی لێ دەگرێت و دەدۆڕێت. خەڵکیش ناتوانن هیچی بۆ بکەن بەتاییەتی کاتێك دەگاتە پلەی هاوەڵ بۆ خوا پەیداکردن، وجادووگەری و ناسینیان بەتەڵەکە بازی و ڕاگەیاندنی ئەوەی کە لە ڕێگەی تێرامانەکانی گوێ بیستی هێزی شەڕو شەیتانە ودۆڕاوە. چەمانەوە لەدەستدانی بەسیرەتی نوری ئیلاهی، یادکردنەوە و بەدڵداهاتنەوەی سەدای سازی کۆڕی یارانی خواپەرستی ئومێدی پێ دەداتەوە، کە چ خۆشی و ئارامی و ئاسوودەیی لەوێدا دەبینێت.دواتر ئەو لای لایە شەڕانگێزییە وێرانی دەکات، کەواتە دیمەنێکی جوانەو وەکو گێرانەوەی یەك لەناو یەکی چیرۆك و ڕۆمان لە شێوەی مەڵتی تێکستچوالێتی تەنها لەگەڵ ئەو کۆڕانەدا هەست بە پاکییەتی و ئاسوودەیی دەکات ئەگەر دوای دۆڕانیش بێت دەتوانێت پاکبێتەوەو ڕاست ببێتەوە بڵێسەو سووتانی پەشیمانی بەرەو دیاری عیرفانیەت و فیترەتی بباتەوە. وەك ئەم وێنەیە کە "وێنایەکی ئیستاتیکی قەسیدەکە یە بەگشتی":



**: قەسیدەی "چەرخ هەر ئەو چەرخەن" ٢.٢**

**٢.٢.١. کۆدی ئیستاتیکی کارما بەخشی قەسیدەکە:**

شاعیر وەکو زنجیرەیەکی بەیەکداهاتوو لەخاتەمەوە دەست پێ دەکات تادوادێری هۆنراوەکە سەرنج دەین بە خاتەم "کۆتایی" ژیانی دونیا و ئەنجام ، پێ کۆتایی دێنێت.

**چەرخ هەر ئەو چەرخەن تا ئاوەرد و بەرد      دەس ئەو دەس نگـــین تا خاتـــــەم ئاوەرد**

**دا بەزمی خەسرەو شیرین وە هەمــــــــدا      جام داوە سەر جەم، جەم وە سەر جەمدا**

شۆرەت نامەی نام حاتەمـــیش کەرد تەی      کەرد وە کاسە کەل کاسەی کەلەی کەی کەی(مودەڕیس، ١٣٨٩: ٢١١)

شاعیر دەسپێکی (گەردوون هەر ئەو گەردوونەیە کە بە چەند جۆر وەزعی هێنایە پێشەوە، ونگینی پێغەمبەریەتی دەس بە دەس لەناو پێغەمبەرانا گێڕا تا گەیاندییە سەرحەزرەتی موحەممەد کە ئاخری پێغەمبەرەکانە.) (مودەڕیس، ١٣٨٩: ٢١١) هێناوەتەوە وباس لە چەرخی گەردوون دەکات خۆی لەڕاستیدا موقەدەرەو لە زانستی خوادایە هەروەك ناو کوردەواریش خەڵك دەڵێن زەمانە وایکرد. دەشێت مەبەستی ڕووداونی ڕووداوەکە بێت کە لە گەردوون ڕووی داوە، چونکە "باباتاهیر"یش لەجۆرەی هەیە:

**" ئەگەر دەستم بگاتە چەرخی گەردوون      من دەپرسم ئەمە چۆنەو ئەوە چۆن ".**

و( مەولەوی لەم شیعرەدا تەعبیرێکی ناسکی بەکارهێناوە، کە لە دوای " نگین " کە مۆرخانەی ئەمووستیلەیە "خاتەم "ی هێناوە کە بە ئەموستیلە ئەڵێن، واتا وەك چۆن پاش مۆرخانەی ئەموستیلە ئەموستیلەکە دێت، پاش پێغەمبەرانیش حەزرەتی موحەممەد هات. کۆکردنەوەی "نگین " و "ئەموستیلە "بە پێ ی عیلمی بەدیع هونەری تیباق ی تیایە.) (مودەڕیس، ١٣٨٩: ٢١١) دەرخستنی کارمای پۆزەتیڤە کە باس لە کردارەکانی چەرخی گەردوونە کە زەمەن تیایدا دێت و دەڕوات. "خاتەم "لێرەدا وەکو کۆدێك بۆ نیشاندانی هێزێکی ئیستاتیکی شاراوە بەکارهێناوە، خاتەم ڕەگەزدۆزی تەواوە/واتای یەکەم واتا ئەموستیلە، دووەمیشی واتا کۆتایی پێ هێنەر،سێ یەمیش"ختم" خاتە م مۆر ی شاهانەیی. ڕاستە مەودایەکە فراوانە باس لە چەرخی گەردوونە. بەڵام ناوچەکە ناوجەرگەی ناوچەی خۆمانە کە ئەو ناوچەیە پیرۆزە بەهۆی هاتنی یەك لە دوای یەکی پێغەمبەران تیایدا، ڕۆژهەڵات کە باسدەکات لە کۆدە مێژوویی و سیاسی و دڵداری و کۆمەڵایەتی ئێران و عەجەم و عەرەبستاندایە."حاتم الطائي" ناسراو لە ناوکورد بە حاتەمیتە. دواتر ئەو کۆدانەی کە لەوانەیە"کوردو عەجەم"پێ ی ناسراون، هەروەك بەراوردی بابەتە بەراوردکارییەکان ." شیرین و خەسرەو ، جەمشید ، خەسرەو ،لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش ئایا بوون و ناوبانگ بوونی ئەوانە پێش هاتنی پێغەمبەرایەتییەکەی بووە "د.خ." یان هاودەم یا نزیکی ئەوکاتە چونکە هاتنی هەمووی تەخت کردووە. یان وەکو کۆد بەکارهاتوون کە هاتنی ئەبەدی ئەو زاڵ دەبێت بەسەر ئەو ڕەهەندە نەتەوەیی و ناوچەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دڵداریانە دا :

***لە ڕەهەندی دڵداریدا :** بەزمی شیرین و خەسرەو /ئایا مەبەستی عیشقی مەجازی تیادەچێت و جێگای ئەو مەجازانە دەگرێتەوە بەرەو عەشقی حەقیقی خوایی. وگەیشتن بە "فەنافیللا"

لە ڕێ ی خۆشەویستی ئەوەوە؟ یان خۆشەویستی پڕ پەنهان و واقیعی و سەمەرەی پێغەمبەر"د.خ." بۆ خەدیجەو عائیشە و خێزان و هاوەڵان دێتە ئارا ئەو کەڵێنە دەروونیە بۆ مسوڵمانان و یارانی پڕدەکاتەوە ؟دواتر پرسیارەکی دی دێتە ئاراوە ئەویش : ئایا بۆ شاعیر شیرین و خەسرەوی باسکردووە لە کاتێکدا"لەیل ومەجنوون"یش لەئارایە وەك چۆن بۆ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی نموونەی دڵبەرزی عەرەبی هێناوە کە "حاتەمیتە"یە؟ئایا ناوبانگی وا لە ناو کورد دا نەبووە ؟ ناشکرێ بڵێین مەولەوی ناوبانگی نەبیستووەو بە ناوچەی ئەو نەگەیشتووە؟ ئەوە هەیە کلتووری نەتەوەی ترە.


****لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا :** لەڕێگەی دەرخستنی هونەری ڕەوانبێژی ڕەگەزدۆزی تەواودا "تەی" واتا ناوچەکەی حاتەمیتە کە"الطائي "بووە، بەڵام تەی دووەم واتا دەستی بەسەرداگرت یا بڵێ ی باڵی بەسەرداکێشاوە"لای شاعیران ئاسمان تەی کەم " دەدۆزینەوە. کەسێتی ناوبانگی عەرەب بە دڵبەرزی و دەست و دڵ واڵایی بۆکاری چاکەو یارمەتی دان ناسراو بووە، ئایا مەولەوی کە هاتنی پێغەمبەر "د.خ." بە باڵکێشان بەسەر ناوبانگییەکەی حاتەمیتە دەبات کە تەی دەکات مەبەست لەمە فەرموودەکانی پێغەمبەرە، کە بووەتە "سووننەت و واجب" و ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی کتێبی بەخشندەی ئەو دینەیە کە ئەو پێشەایەتی کردووە باس لە چاکەکردن و بەخشینەوە دەکات ؟یا ئایا دەرخستنی خودی پێغەمبەرە "د.خ. "کە لە دڵبەرزی و بەخشینەوەو دڵڕایی کردنی دوورو نزیکەکانی بووەو جیاوازی نەکردن لەنێوان هاوەڵان و خەڵکانی ئەوسا بەتایبەت کە سەخاوەتی لە مامەڵەی مێوان و بەسەرهاتی "عائیشە" "خ.ل."کە یەك دەنکە خورمای قوتی خۆی بەخشیوە و کردووەتە هۆکارێك بۆ دڵنەشکاندنی ئەو هەژارەی لە دەرگایانی داوەو داوای خواردنی کردووە؟ لە سەرچاوەکان "حاتەمیتە"بە پێ ی ساڵی تەمەنی لەکاتی مردنی کە ١٢٠ساڵ بووە، وا دەردەکەوێت ٥١ - ٥٤ پێش لە کۆچی دا بوو بێت،کوڕەکەی عودەی هاوەڵی پێغەمبەر "د.خ."بووە. (لە ناو عەرەب پێش هاتنی ئاینی ئیسلام لەگەڵ هەبوونی ئەو گەندەڵییە عەقیدەیی و ئاینییەدا، پڕە لە ڕەوشت، خێرمەندی و لێ بووردەیی، تەنها هەر میهرەبانی سیفەتی نەبووە بەڵکو شاعیرێك بووە کە قسەو کرداری ڕاستەوانەی یەك بوونە، ماڵی لە هەر شوێنێك بووە ناسراوەو جەنگاوەرێکی قارەمان بووە.) ( الزبير ،٢٠٢١: ٦) . .

****لەڕەهەندی نەتەوەیی ، مێژوویی ناوچەییدا :** هەندێك جار مێژوونوسەعەرەبەکان("جەمشید"یان لەگەل پێغەمبەر"سلێمان" "س.ل." تێکەڵیان کردووە ویستوویانە بیکەنە یەك کەسێتی، بەڵام جیاوازی نێوان یان ٣٠٠٠ساڵە. لە هەندێك نووسینی پەهلەویدا هاتووە کە وەکو چاکسازێکی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی دادەنرێ.) ( سمار ، ٢٠٢٠ :٨٢- ٨٨) و (جەمشید خاوەنی کاسەی جەمە "جام جم " کە تیایدا هەموو دونیا دەبینرێت. لە ئەدەبیاتیش بە نهێنی و یەك لەسەمەرەکانی جەمشید دادەنرێت . لەو دوو ئامرازە جادووییەی جەمشید کاسەی شەڕاب و ئەموستیلەکەیەتی. لە ئەدەبیات باسکراوە کە لەژێر کاریگەری کاسی سیحری "کەی خەسرەو " دەڵێن ئەو کاسە یارمەتی خاوەنەکەی داوە کە دەست بەسەر جیهان دابگرێ ،هەروەها بینینی غەیب و پێشبینی داهاتوو، لای سۆفییەکانیش ئەو کاسە" استعارەی قلب و ڕۆح "ه."توپیق الهی" دەبەخشێت . بازنەیەکە لە شیکردنەوەی دەروونیدا مظهر للروح واتا دیمەنی ڕۆح ی پێدەڵێن : وەك " ئەفلاتون کە ڕۆحی لەسەر شێوەی تۆپێك دەبینی واتا شێوە بازنەیی. ئەموستیلەکە باسکراوە وەکو بەشێك لە ئەفسانەی کەلەپوری ئازایەتی ئێرانی، دەشێت هەر خاتەمەکەی پێغەمبەر "سلێمان" بووبێت "س.خ.") ( سمار، ٢٠٢٠ :٩٥- ٩٨ ) باسی شێوە تۆپی ئەفسانەیی ڕۆح لای ئەفلاتوون و بازنەی نور لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە، ئەمووستیلەکەش هەر لەوەیە ئەوەی سلێمان بێت "س.خ."، و جامەکەش هەر ئەو بووبێت. سەبارەت بە "حاتەمیتە " دیسانەوە پێغەمبەر"د.خ" "تەی "کردیتەوە و باڵی بەسەر

هەموو ناوبانگیە عەرەبی وناوچەییەکەی داکێشاوە کە بە دەست والایی و بەخشین و ئازاییەتییەکانی ناسرابوو. لەرێگەی هەڵسوکەوتی خۆیەوە بووە کە بەسەر ئەو بالاتر بووەتەوە وەك باسمان کرد ، جگە لەوە فەرموودەکانی بۆ یارمەتی دان و بەهانا هاتنی کەس وکارو هاوسێ و خەڵك چونکە هەر ناو کوردیش "حاتەمیتە" وەها ناسراو بووە بۆ هێنانەوەی نموونە لە دەست والایی و لەوێوە بۆ والاتر بەڵام جۆرێکی تر بەرەو زرنگانەوەی شارستانییەت و داهاتوو و هەموو جیهان کە پێغەمبەر "محمد " د.خ. "دەناسن. کەواتە حاتەمیتە ناو عەرەب و کورد بە ئەدەبیاتەکەی زیاتریش ناسرا، هەرچەندە پێغەمبەر "د. خ" لەهەموو جیهان ناوی تۆمارە کە لەگەڵ بانگ بۆ پەرستنی خوا دەلالێتەوە. سەبارەت بە "جەم " نەمانی سەمەرەیی و خەیاڵ ئامێزیشی هەتا ئەگەر جامەکە ئەفسوونیش بووبێت، هاتنی هێزی ڕاستەقینەو وەرگەڕانی "جەم ". لێرەدا : ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە لەجیاوازی مانا، چونکە جەم بەواتای جامەکەو تەختی جەمشید و جەمشید خۆی دێت کە پاشاکە بووە. مێژووی ئازایەتی هەڵگەڕاندەوە و مێژووی زرنگاوەی هەزاران ساڵ ی کپ کرد. ( ئاوێنەکەی جەمشیدی شای ئێران کەوا مەشهورە بە شوێنێکی بەرزەوە دایئەناو لەشکری دوژمنی لە دوورەوە تیا ئەدی، جەم : مەبەست لە جەمی یەکەم و دووەم جەمشیدی شای ئێران، وە مەبەست لە جەمی سێ یەم جەمعە بە مەعنا کۆمەلانی خەڵك. واتا : بەزمی خەسرەو و شیرینی دا بەیەکدا و جامی دابەسەر جەمشیدا و کوشتی و جەمشیدی هێنا بەسەر خەڵکا و کردی بە بەلای گیانیان، یان کۆمەڵە خەڵکێکی دا بەسەر کۆمەڵێکی ترا و بەیەکتری فەوتاندن . ) (مودەڕیس، ١٣٨٩: ٢١١) لە دێری سێ یەمدا: ( کەیخەسرەو، یەکێکە لە پادشا کۆنەکانی ئێران، واتا ناوبانگی حاتەمی پێچاوەتەوەو کاسەی کەللە سەری کەیخەسرەوی کرد بە کاسەی کەل ) (مودەڕیس، ١٣٨٩: ٢١١) . هەندێ جار لە مێژووی جەنگە ڕۆژ هەلاتییەکان دا هەبووە کە کەللەی دوژمن کراوە بە کاسەی شەڕاب خواردنەوە بۆ دامرکانەوەی ڕق و شەڕانگێزییان .

**٢.٢.٢. بازنەی خاتەم :** خاتەم هات بازنەی ڕەهەندە دنیاییەکانی لە ئازایەتی و لووتکەی ئەفسانەو قارەمانییەتی و شاهنشاهیەتی زەمینی لەلایەك وعەشقی مەجازی ڕۆمانسیانە و مێژوویەکی نەبەردییەتی عاشقایەتی چینێکی شایەتی و تەختی فانتازیی ومێژوویی، هێزی لەبن نەهاتووی جەمشید و جام و خەڵکەکەی تەختی جەم لەلایەکی تر تەختی خەسرەو کارکردن و بیر وخستنە کایەی پێداگریەتی و عەشقی مەجازییانە. کە لێرەدا هەردووکیان لە ڕەهەندەکانی دڵداری و عەشق ی لەگەڵ مێژوو تێکەڵ کردووە. لەلایەکی سێیەمیشدا سەخاوەت وقەرەمانیەتییەکی کۆمەلایەتی کە حاتەمیتە بووە، هەمووی کردووەتە بازنەیەکی حەقیقەت ئامێز، ئینجا بەهاتنی بازنەی خاتەم هەمووی بەسەر یەك وەرگەڕاند. مەولەوی کارمای پۆزەتیڤی ئەوانەی هەموو بەسەر یەکەوە کۆکردۆتەوە کە ئەموستیلەکە یەو هاتنی خاتەم بەو خاتەمەوە "ختم" /مۆر لە هەمووی دەدات. مۆری ئەموستیلەی پێغەمبەر "د.خ."ی لەسەرشێوەی بازنەیی بووە، دەبینین: هەموو نەك لە ئاستی خاتەم و خاتەمی پەنجەیی و"ختم"ی پێغەمبەر، بەڵکو بەوەرگەڕێنراوی ئەوان بەسەریان سەرکەوتووە وهاتنی خاتەم بۆ چاکسازی و بەڕێوەچوون وخێرمەندییان بووە:

هێڵکاری "هاتنی خاتەم ":



سەرجەم قەسیدەکەش : لێکچواندنێکی ژیاندنی ئاسایی و ئاسمانی ، هێزی/پەرستن/ عیرفانیەت و جیاکردنەوەی لە پەرستنی ئاسایی سەرجەم قەسیدەکەش : لێکچواندنێکی ژیاندنی ئاسایی و ئاسمانی، کارمای ئیستاتیکی چارەسازو هێزی کارمایی لە بڕوا بەخوا و بەخۆبوون و خۆڕاگری و خۆبەدەستەوەنەدان بەردەوامی ئومێدی بە شکۆی خوای تیا بەدیدەکرێت کە لە توێی تێزێکدا یە.

ئەنجام

١.کارما وەکو هێزێکی ڕۆحانی پاڵنەر لە مێژوویەکی کۆندا هەبووە و بە درێژایی بوونی مرۆڤ و ئایدیا و ئاین و شارستانییەتەکان هەبووە، لە جیهانبینی ئێستاشدا لە زۆربەی پرۆگرامە هاندەرەکان و پاڵنەرەکاندا باوی پەیداکردووە .

٢.لە ئەدەبیاتدا وەکو بابەتێکی بەرهەمی عەقڵمەندی و سۆزو دارشتنی ئیستاتیکی کارما هەیە، بە جۆرێك کە پۆزەتیف و نێگەتیفی هەیە و بە پێی دەرکەوتنی دارشتەی بەرهەمەکەو ئایدیای ئەو ئەدیبە یانووسەرە ، کە خۆی لە شێوەی یەکێتییەکی ئایدۆلۆژی دەسەپێنێت ، یا ئەوەتە هێزێکی پاڵنەرو ڕووە و خێرمەندییە یان هێزێکی ڕەشبین و بەرەو شەڕانگێزییە .

٣.وەکو یاسایەکی گشتی لە ئایینە هیندییە کۆنەکانەوە بگرە تا تیۆسۆفیا و ئاینی ئیسلامیش ، ڕۆژانی ئەمڕۆی پێویستی مرۆڤایەتی بە پاڵنەر و هێز سەرچاوەی سەرەکی کارما خوای تاقانەیە نەك گەردوون یان ئەهریمەن یان مرۆڤێ کە بانگێشەی خوایەتی بکات، پێویست بە هەڵوەستەو وریایی دەکات چونکە لە جیهاندا کەسانێك ئەمەیان کردووەتە پیشە و بازرگانی و نەهامەتییان خستووەتەوە.

٤.لە شیعرەکانی مەولەویدا کارمای پۆزەتیفی ئیستاتیکی هەیە بەوەش مەلەوی پێش سەردەمی خۆی کەوتووە لە دەرکەوتن و ناساندنی جیهانگیریانەی ئەمرۆی ئەم بابەتە.مەبەستەکانی خێرمەندیین و هێزو وزەیەکی ئیستاتیکی و عیرفانی باڵا دەگرنە خۆ، خوێنەری بلیمەت و شارەزا بەتایبەتتر ئەو هەست و پاڵنەرو یاسا ئاسمانیانەی تیادا دەخوێنێتەوە.

سەرچاوەکان:

بەزمانی کوردی :

. بەرزنجی ، پ.د.عەلی تاهیر، ٢٠٢٠، ئاسۆی دەق ، چ/١، چاپخانەی ئێڤا بۆچاپ و ڕیکلام

صلاح فضل ،د.، ٢٠١٦، میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ ، وەرگێرانی پ.د. سەردار ئەحمەد گەردی ، چ/١، ناوەندی ئاریز بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە ، هەولێر.

مدرس، عبدالکریم "مەلا عەبدول کەریمی مودەڕیس"١٣٨٩ ، دیوانی مەولەوی، انتشارات کردستان .

مەلازادە ، د. ڕێبوار محمد ٢٠٢١، زانستی دەق لە ئەدەبدا، چ/١،ناوەندی ئاوێربۆ چاپ وبڵاوکردنەوە ، هەولێر .

بەزمانی عەرەبی :

برغسون ، هنری .( ١٩٩١ ). الطاقة الروحية،ترجمة علي مقلد ،الطبعة الاولى ، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع ،بيروت،لبنان .

تشخيص الكارما ١/ منظومة ظبط ذاتي الحقلي، ، wwwazarev.r لازاريف،٢٠١٩ ،الكترونية ، ترجمة م.سبلبل .

الجهني ،د.، نايف . ٢٠١٥ . الكارما في الاسلام تقنية العلاج بالاخلاق والطاقة الروحية ،الطبعة الرابعة ،دارالعربية للعلوم ناشرون ،لبنان .

الرشدي،هند، ٢٠١٠، علم الطاقة الروحية ، دار المشارق للنشر والتوزيع، دار طيبة للطباعة ،الجيزة.

الزبير،معزة ساري الياس ،٢٠١٢، حاتم الطائي والنمر بن تولب العكلي /رسالة ماجستير، جامعة ام درمان الاسلامية ، جمهورية السودان.

فيل ،رؤز نتسفيغ ، ٢٠١٢. تاثير الهالة، ترجمة علي مولا، الطبعة الاولى ٢٠٠٨ كلمة ابو ظبي، مركز العماد دمشق .

لازاريف ، سيرغي ن. ( ٢٧ أبريل، ٢٠٢٢) . أربعون سؤالاً عن الذات والمصير والصحة .

ليفشيئوف ،اندرية. ( ٢٠٠٥). كارما التحكم بالمصير،ترجمة طه الولي، الطبعة الاولى الطبعة الاولى ، دار العلاءدين للنشروالتوزيع والترجمة.

محمد علي ديب ، ٢٠١٢ .تلخيص الكارما الطاهرة ، سيرغي نيقولاس لازاريف .

سمار ،ا.د. سعد عبود ، جمشيد /الملك المؤله في الميثولوجيا الايرانيية القديمة ،مجلة كلية التربية / جامعة واسط ،العدد ٣٩ sobbood@uowasit.edu.iq، الجزء الثاني، ٢٠٢٠.

ابن كثير ( http://quran.ksu.edu.sa/tafseer/katheer/sura68-aya42.html

الهوساوي ، عبدالله خضر عبدالله ،طاقة مجهولة في الكون.(pro909@yahoo.com

لازاريف، س.ن، ٢٠١٩،شفاء النفس ، ترجمة سبلبل.www.lazarev.ru

بيرزين، د.ألكسندر ، ٢٠٠١،النقاط الأساسية حول الكارما، تفريغ صوتي لمحاضرة، برلين، ألمانيا، مارس.

https://studybuddhism.com/ar/albwdhyt-altbtyt/msar-alastnart/alkarma-wieadt-almylad/alnqat-alasasyt-hwl-alkarma

( https://www.youtube.com/watch?v=tz6rkvNhso0

الطائي ، د.حسن حمود محمد، ٢٠٠٧ ، فلسفة العلوم الطبيعية عند فلاسفة اليونان قبل افلاطون ،مجلة الفتح ، العدد الحادي والثلاثون ، كلية الاداب جامعة المستنصرية.

مصطفى الحسني ، انطفاء الرغبة في اكمال الحياة ، يوتوب، رمضان ٢٠٢٣ . https://www.youtube.com/watch?v=klTSxDPgdt8

فيير بيرين، ٢٠١٧ ، الالوان والاستجابات البشرية، ترجمة صفية المختار، مراجعة محمد ابراهيم الجندي ، الناشر مؤسسة الهنداوي سى اى سي ، المملكة المتحدة .

طومسون ،جاى.اندرسن ،٢٠١١، لماذا نؤمن بالهة ،تقديم ريتشارد دوكنز، ترجمة رزان حميدة و ٦ اخرون، بيت الحكمة .

ستيفن بينكر ،٢٠٢١، العقلانية ، ترجمة احمد رضا و3اخرون ، بيت الحكمة .

يو .م.إيفانوف ، ١٩٩٥، الانسان والروح، ترجمة عاطف ابو جمرة /فايز البرشة ، ط ١،دار الطليعة الجديدة سوريا ديمشق .

برلين / ايزايا ، ٢٠١٦ ، نسيج الانسان الفاسد ، ترجمة سمية فلوعبود ، الطبعة ٢، دار الفكر ، دار الساقي ،مكتبة الفكر الجديد. www.daralsaqi.com ) .

واطسون ،جون، ٢٠٢٢،نظرية اللذة من ارسطبوس الى سبنسر ،ترجمة خالد الغنامي ،مشروع كلمة / دائرة الثقافة والسياسة ، ابو ضبي .

(طه ،الموسوعة ، ٢٠١٩

(https://www.mosoah.com/references/dictionaries-and-encyclopedias/karma

شيماء طه ، ٢ اكتوبر ٢٠١٩ معنى كارما .

الحوشاني ، مريم بنت علي ،٢٠٢٠ ، فلسفة الكارما وموقف الاسلام منها ،.حوليات اداب عين الشمس المجلد٤٨ ، عدد يناير /مارس ٢٠٢٠ ،دورية علمية محكمة ، كلية الاداب.

http://www.aafu.journals.ekb.eg/

عنتابي ، ٢٠١٥ ، مريم بنت ماجد بن اديب ،الثيوصوفيا / الطبعة الاولى ، مركز الاصيل للدراسات والبحوث،جدة ،المملكة العربية السعودية .

مصطفى الحسني ، انطفاء الرغبة في اكمال الحياة ، يوتوب، رمضان ٢٠٢٣ ، https://www.youtube.com/watch?v=klTSxDPgdt8

مصطفى محمود ، النفس والروح ، يوتيوب .

عبدالحليم ،د.سندس،2023 ، اليوجاو الطاقة والريكي والتاروت، https://www.youtube.com/watch?v=fnHR0-2LEYM

.نظرية الاجناس الادبية المجلد الاول / الموسوعة العربية .

الهوساوي ، عبدالله خضر عبدالله ،طاقة مجهولة في الكون.pro909@yahoo.com )

## Aesthetic and positive mystical karma and revival of the soul, for example, Rumi's poetry

Abstract:

Positive aesthetic , mystical karma and revival of the soul, for example, “Maedumi's” poetry

In the tired world of technology, human existence is an active part of it. It is in the midst of instantaneous happiness and permanent regret because mentally resorted to temporary strengtheners and pleasures. Strength has been weakened in man, in the face, in the arms, in the mines of emotion, in the expression of conscience and in the emotions of the "heart and mind. There have been attempts to regain strength and fill this weakness at various levels. Some have resorted to nature, some in the shadow of invented beliefs, and some have even turned to aggression to achieve this goal. Then under many terms, programs and complex, secret and open work. The search for spiritual strength and the correction of the death of conscience and the unperceived positivity of people has been attempted. Karma or the power of the soul that varies from person to person and from one idea to another. It has been worked on in today's world. There has been strength from sight, contemplation, beloved existence. Here, in this study, we take karma from the basis of literary thought and look at literature as a powerful spiritual enabler. Then we will discover the uniqueness, liberation and height of this force and give it to the weakest, the most intellectually and mentally confused, to make it a program to deliver its service. Hence, better than we have known literature, we must look anew as a source of positive karma. It depends on the type of literature, ideas and the type of karma it obtains. The literature of the poet Rumi is a treasure trove of true and heavenly spiritual power from which we can obtain positive aesthetic karma.

## الجمالية والكارما الصوفية الإيجابية وإحياء الروح، على سبيل المثال، شعر الرومي

**الملخص:**

الكارما الصوفية الجمالية والإيجابية وإحياء الروح، على سبيل المثال شعر "مولوي"

في عالم التكنولوجيا المتعب، يعتبر وجود الإنسان كجزء فاعل منه ،حيث يبعث في الروح سعادة مؤقتة وندما دائما لأنه من الناحية النفسية لجا الى المقويات و الاسعاداة المؤقتة. لقد ضعفت القوة في الإنسان، في الوجه، في الذراعين، في مناجم العاطفة، في التعبير عن الضمير، وفي عواطف "القلب والعقل". وكانت هناك محاولات لاستعادة القوة وسد هذا الضعف على مختلف المستويات. وقد لجأ البعض إلى الطبيعة، والبعض في ظل المعتقدات المخترعة، بل إن البعض اتجه إلى العدوانية لتحقيق هذا الهدف. ثم في ظل مصطلحات كثيرة وبرامج وعمل معقد وسري ومكشوف. تمت محاولة البحث عن القوة الروحية وتصحيح موت الضمير والإيجابية غير المحسوسة لدى الناس. الكارما أو قوة الروح التي تختلف من شخص لآخر ومن فكرة إلى أخرى. لقد تم العمل عليه في عالم اليوم. لقد استمدت قوتها من البصر والتأمل والوجود المحبوب. هنا، في هذه الدراسة، نأخذ الكارما من أساس الفكر الأدبي وننظر إلى الأدب باعتباره ممكنا روحيا قويا . ومن ثم سنكتشف تفرد هذه القوة وتحررها وسموها ونعطيها للأضعف والأكثر ارتباكا فكريا وذهنيا لنجعل منها برنامجا لتقديم خدمتها. ومن ثم، أفضل مما عرفناه من الأدب، يجب علينا أن ننظر من جديد كمصدر للكارما الإيجابية. حسب نوع الأدب والأفكار ونوع

الكارما المحققة. إن أدب الشاعر"مولوي" هو كنز من القوة الروحية الحقيقية والسماوية التي يمكننا من خلالها الحصول على الكارما الجمالية الإيجابية.